دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە ٤٩٠

دووشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٧- ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨- ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٦




دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نووسەری کتێبی ڕەحمانی کوردان

٨



پێویستییەکانی گۆڕان و سەرسەختیی وڵاتانی ناوچە

٥




کوردو ئەنتەرناسیونال سوسیالیست

٥



١٨ی پووشپەڕ لووتکە یان دەستپێکی قۆناخێک

### لە ساڵڕۆژی تیرۆری ڤییەن دا

# ڕۆژهەڵات مانی گرت

**لە ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری مەزنی نەتەوەکەمان د. قاسملوو و هاوڕێیانی دا، مانگرتنێکی گشتی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە. لەم مانگرتنەدا کە بە شێوەیەکی زۆر بەرینتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوە چوو، خەڵک بە شێوازی جۆاروجۆری وەک داخستنی دوکان و بازاڕ، هەڵکردنی مۆم، کوژاندنەوەی چراکان، بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت بەم یادەو وێنەی شەهید قاسملوو ڕێزیان لە یادی ڕێبەری شەهیدیان گرتەوە و بێزاری خۆیان لە ڕێژیمی بکوژی قاسملوو دەربڕی.** ل ٣



## خوێندنەوەیەک بۆ بزووتنەوە نارەزاییەکەی ٢٢ی پووشپەڕ

ئاوات

بزووتنەوەی نارەزایی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەبۆنەی نۆزدەیەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرێ کەوت نوێنگەی ئیرادەی یەکپارچەی کۆمەڵانی گەلی کورد بۆ هێنانە گۆڕی ویستەکانیان بوو. ئەم بزووتنەوە شارستانییە پتر لە مانایەکی لە خۆی گرتبوو. ئەگەر لایەکی بێزاری دەربڕین بەدژی ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئەو بەشەی کوردستان دا بوو، لەلایەکی دیکە ڕێزو ئەمەگداری نیشاندان بەرامبەر بە ڕێبەرێکی مێژوویی بوو کە عومرێك خزمەتی ئامانجەکانی ئەو خەڵکەی کردو هەروەك لەسەر گڵکۆ پیرۆزەکەی نووسراوە: «بۆ کورد ژیاو بۆ کورد مرد»! هەروەکی ئەم ئامانجەنەش لە خزمەتی ئامانجێکی گشتیتر دان کە بە زمانێکی دیکەو بەشێوە دەربڕینێکی دیکە داوای ئەو ماف و ئازادیيانەیە کە هەموو قانوون و ڕێوشوێنە پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان بە نەتەوەیەکی سی ـ چل میلیۆنی و بە گەلانی زۆر بچووکتر لەوەشیان ڕەوا دیوەو دەسەڵاتە زۆردارەکان تائێرە لێیان زەوت کردوە.

نامانەوێ بڵێین بزووتنەوەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕو ڕۆژانی دواتر هەموو نیشانەکانی پێکاوەو گشت ئامانجەکانی وەدیهێناوە. بەڵام بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو. چونکە بە باجێکی کەمتر، سەرکەوتنێکی گەورەتری بەدەست هێناو دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە کوردستان و ئێران و ناوچەو تەنانەت جیهان داهەبوو. ئەم ڕاپەڕینە بە دوژمنانی ئازادیی ڕاگەیاند ئەگەر پێیان وایە بە شەهید کردنی قاسملوو توانیویانە میللەتی قاسملوو بێدەنگ بکەن و ئەگەر واتێدەگەن بە مردنی قاسملوو ئامانجی قاسملوو، ڕێبازی قاسملوو و نەتەوەی قاسملووش مردوون، وەك دیکتاتۆران و پیاوکوژانی مێژوو بە هەڵە چوون.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە باوەڕیان بە خەباتی ئاشتیخوازانەو شارستانییانە بۆ هێنانە گۆڕی داخوازە نەتەوایەتییەکانیان هەبووە. ئەگەر لە هێندێ بڕگەی مێژوویی دا حیزبەکەمان و نەتەوە زۆرلێکراوەکەمان ناچار بوون بۆ دیفاع لە خۆیان پەنا بۆچەك بەرن، ئاکامی سیاسەتی دەسەڵاتدارانێك بووە کە کەمترین دەرەتانی خەباتی هێمنانەیان لە خەڵك بڕیوە. ئێستا وەك سەرەتایەکی باش ئەم گەلە هاتۆتە مەیدان و ئامادەیی خۆی بۆ هێنانە گۆڕی داخوازی ماف و ئازادییەکانی لەو جێیە کە پێویستە دانی باجی ئەو ماف و ئازادیيانەشی دەربڕیوە. ل ٢

## سپاسنامە:

## سەبارەت بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٢ی پووشپەڕ نۆزدەیەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەری هەڵکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بوو. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بیرەوەرییە تاڵەدا بە هەڵوێستێکی یەکپارچە وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازو ئامانجەکانی شەهیدانی ڤییەن دەربڕی و بێزاریی خۆیان لە ڕەفتارو کردارو سیاسەتە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کورد نیشان دا. بزووتنەوەی ئیعتیرازیی خەڵك لەو بۆنەیەدا بەداخستنی دوکان و بازاڕەکان لە زۆربەی زۆری شارەکانی کوردستان دا دەستی پێکردو بە شێوەیەکی هێمنانەو شارستانییانە کۆتایی هات.

لەو نێوەدا شارەکانی سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ و ڕەبەت نەخشێکی بەرچاوتریان هەبوو. ئەگەر هەموو شارەکان کەم و زۆر لەو بزووتنەوە نەتەوەییەدا بەشدار بوون لەم پێنج شارەدا مانگرتنی گشتی هەموو بوارەکانی ژیانی گرتبۆوە. شارەکانی سنە، سەردەشت پیرانشارو نەغەدەش بەشدارییەکی بەربڵاویان لە بزووتنەوەکەدا هەبوو، بە چەشنێك کە دەکرێ بڵێین زۆربەی زۆری دوکان و بازاڕی ئەم شارانەش داخرابوو و شارەکان نیوە تەعتیل بوون. ل ٣

## لە ڕێورەسمێکدا تێکۆشەرانی دێموکرات ڕێزیان لە یادی ڕێبەریان گرتەوە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بە بۆنەی نوزدەیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ڕێورەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. لەم ڕێورەسمەدا قادر وریا پەیامی دەفتەری سیاسیی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. قادر وریا لە پەیامی دەفتەری سیاسی دا کەسایەتیی دوکتوور قاسملووی بە سیمبوولی یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کورد پێناسە کردو وتی: ئەگەر درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو تەنیا ئەو ڕێنوێنییەی ئەو شەهیدە مەزنە لە بەر چاو بگرن کە دەڵێ: دێموکرات ئەو کەسەیە کە ڕێز بۆ بیرو باوەڕی جیاواز لە خۆی دادەنێ، ئەوا بزووتنەوەی کورد ئەوڕۆکە تووشی ئەو پرش و بڵاوییە نەدەبوو.

قادر وریا هەروەها لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسی دا سوپاس و پێزانینی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئاراستەی خەڵکی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لە مانگرتنێکی گشتی داو بە داخستنی دوکان و بازاڕەکان وەفاداریی خۆیان بۆ ڕێبازی دوکتور قاسملوو دووپات کردەوەو نەفرەت بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی بکوژی دوکتوور قاسملوو دەربڕی. ل ٣



## کۆبوونەوەیەکی هێمنانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە (٢٩ی پووشپەڕ) کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠کەس لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی شاری سنە، بە تایبەت توێژی فەرهەنگیی ئەو شارەو هەروەها دەیان کەس لە خەڵکی ئازادیخواز کە لە شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانەوە هاتبوون، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیی هێمنانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەرو هەروەها کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە بەر دەرکی دادگوستەریی شاری سنە بەڕێوە چوو.

هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەوە هێزێکی زۆری ئینتزامی و لیباس شەخسی لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئامادە بوون، بەڵام بە هۆی وریایی خەڵکەکەو هەروەها بەڵێنی وەرگرتنی هەندێك لە بەرپرسان بۆ کۆتایی هێنان بە کۆبوونەوەکە، ئاڵۆزی و تووندو تیژیی لێ نەکەوتەوە. نارازییان



وێڕای بە دەستەوەگرتنی وێنەی فەرزادی کەمانگەرو کۆمەڵێك زیندانیی سیاسیی دیکە وەکوو یاسر گوڵی، عەلی حەیدەریان، ل ٣

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بەبۆنەی ١٩ ایەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمرەوە

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

١٩ ساڵ لەمەوبەر رۆژی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨) دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش گەیشتە د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو، رێبەری ناوداری کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و گیانی لێ ئەستاندن. لەو رۆژەدا لە ناوەندی ئورووپای پێشکەوتوو و شارستانیدا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلۆماسیدا‌و بە ناوی وتووێژ لەبارەی کێشەی کوردەوە داویان بۆ د.قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەرو دۆست‌و هاوڕێیان د.فازڵ رەسووڵ دانایەوەو، لەبەرچاوی بیروڕای گشتیی ئورووپا وەبەر دەسڕێژی گوللەیان دان‌و شەهیدیان کردن.

تیرۆری عەبدلڕەحمان قاسملوو بۆ کورد بەگشتی‌و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت زەبرێکی قورس‌و بەژان بوو. رۆڵی د. قاسملوو لە دیپلۆماسیی نێونەتەوەییدا بۆ کورد رۆڵێکی گرنگ‌و بەرچاو بوو. د. قاسملوو لەو دەگمەن رێبەرە کوردانە بوو کە رێگەی مەسەلەی کوردیان بۆ نێو کۆڕو کۆمەڵی جیهانی کردەوەو، هەوڵێکی بێوەچانیان دا بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە ئاستی ناوچەیی خۆی دەرباز بێ‌و بگاتە ئاستی جیهانی‌و بە بیروڕای گشتی بناسێندرێ.

پلەی بەرزی خوێندەواری‌و زانستی، شارەزایی بەسەر چەند زمانی باو لە جیهاندا، پێوەندییەکی بەرین لەگەڵ سیاسەتمەداران، رۆژنامەنووسان‌و رووناکبیرانی وڵاتانی دەرەوە، ئازایەتی‌و شێلگیری لە سیاسەتداو، لە هەمووان گرنگتر خەباتی بێوچان‌و ماندوویی نەناسانەی لە پێناوی نەتەوەکەی داو زۆر تایبەتمەندیی بەرزی دیکە، د. قاسملوویان کردبوو بە کەسایەتییەکی کوردستانی و جیهانی. هەر بۆیەش رۆڵێکی گرنگی لە بزووتنەوەی کورد بەگشتی‌و رێبەرایەتی کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەتایبەتی دەگێڕا.

خزمەتەکانی د.قاسملووی نەمر بە حیزبی دێموکرات ئەوەندە بەرین‌و بەرچاون کە ئەم حیزبەیان پێ‌دەناسرێتەوە. ئەو رۆڵی بووژێنەرەوەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا گێڕا. حیزبی دێموکراتی لە پەراوێزەوە هێنایەوە نێو جەرگەی خەبات‌و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەوە، بەرنامەی نوێی بۆ حیزب دارشتەوەو، گیانێکی نوێی بە لەشی نیوەگیانی حیزب دا کردەوە. د.قاسملوو ئەم حیزبەی سەر لەنوێ بنیات نایەوەو گەلێک ئەسڵ‌و پرەنسیپی مۆدێڕنی سیاسیی بۆ یەکەم جار هێنایە نێو بزووتنەوەی کوردو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێگیری کردن. باوەڕی قووڵی د.قاسملوو بە دێموکراسی‌و دووری لە دوگم پەرستی، رێگەی رەخنەگرتنی کارسازی لە حیزب‌و کردەوەکانی خۆش دەکرد، هەر بۆیەش حیزب دەیتوانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ‌و لەباردا بگونجێنێ‌و بە زیندوویی بمێنێتەوە.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

بڕیاردەرانی کارەساتی ڤییەن‌و عامیلانی ئەم جینایەتە لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوانەن کە دەسەڵاتی ئێرانیان هەروا لەبەردەست دایە. ئەمانە پاش شکستیان لە شەڕ لەگەڵ عێراقدا، تەواوی هەوڵەکانیان لە پەرەپێدانی کردەوە تیرۆریستییەکانیاندا چڕ کردەوە. ئەگەر ئەوکات زیاتر بەهۆی درێژەدانی شەڕ لەگەڵ عێراق ئاسایشی ناوچەو جیهانیان شێواندبوو، لەو کاتە بەدواوە بەهۆی تیرۆریزمی دەوڵەتییەوە ئاسایشی ناوچەو جیهانیان شێواند.

تیرۆری د.قاسملووی نەمرو هاوڕێیانی لە جەرگەی ئورووپاداو سەرکەوتنی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتەداو هەڵوێستی هەلپەرستانەو قازانجخوازانەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لەبەرامبەر ئەم کارەساتەدا، کۆماری ئیسلامیی چێرەگرتووتر کردو ماشێنی تیرۆرو لەنێوبردنی فیزیکیی کەسایەتییە تێکۆشەرو سیاسییەکانی موخالیفی بە تین‌و تەوژمێکی زیاترەوە وەگەڕ خست. بەدوای تیرۆری د.قاسملووی نەمردا دەیان کەس‌و کەسایەتیی دیکە لە ئورووپاو وڵاتانی دیکە بوونە قوربانیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی.

رادەی ترسناکی و مەترسیی ئەو ئیدئۆلۆژییە پڕ لە کینەو نەفرەتەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە پشتی بوون، بەرواڵەت ئەوکات بۆ جیهانیان بەگشتی‌و ئورووپاییەکان روون نەبوو. بۆیە بەداخەوە لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتنە موعامەلەو ـ جگە لە دەزگای قەزایی ئەڵمان لە دادگای میکونووسدا ـ لە بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووریدا چاوپۆشییان لە عەدالەت کرد. کۆماری ئیسلامییش بە کەلکوەرگرتن لەو بێ‌هەڵوێستی‌و بێدەنگییەی وڵاتانی رۆژئاوا کوورەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی خۆی هەروا نێڵ دا. شێلگیر نەبوونی بیروڕای گشتیی دنیاو رۆژئاوا لە بەرامبەر ئەو رێژیمەدا بوو بەهۆی ئەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی‌و چەشنی ئەو، رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرەبستێنێ. بە رادەیەک کە ئەمڕۆ ئەو جۆرە تیرۆریزمە بەرۆکی خودی رۆژئاواشی گرتۆتەوە. ئەو تیرۆریزمەی ١٩ ساڵ لەوەپێش قاسملووی لە باوەشی نەتەوەکەی رفاند، هەر ئەو تیرۆریزمەیە کە ئەمڕۆ وەحشەتی خستۆتە نێو دڵی خەڵکی جیهانەوە، هەر ئەو تیرۆریزمەیە کە ئەمڕۆ برستی لە خەڵکی مەینەتبەشی عێراق بڕیوەو رۆژ نیە گیانی دەیان کەس لە ژن‌و منداڵ‌و خەڵکی بێدیفاع نەستێنێ.

لەبارەی پەروەندەی تیرۆری د.قاسملووشەوە بەداخەوە ئێستاش ئەو لاوازییە بە سەر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی بە گشتی‌و دەوڵەتی ئوتریش بەتایبەتی دا زاڵەو بۆتە هۆی ئەوەی ئێستاش ئەو پەروەندەیە بە شێوەیەکی عادڵانە بە ئاکام نەگاو بڕیاردەران‌و ئەنجامدەرانی کارەساتەکە بە بیروڕای گشتی نەناسێندرێن‌و ریسوا نەکرێن.

نزیک بە دوو دەیە لە تێرۆری ناجوانمێرانەی د. قاسملووو هاوڕێکانی تێ‌دەپەڕێ. ئەو ماوەیە نەیتوانیوە ئەو غەدرو خەیانەتە لەبیرو زەینی نەتەوەی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بسڕێتەوە. کارەساتی ڤییەن لەبەرچاوی رۆڵە داغدارەکانی نەتەوەی کورد ون نیەو ون نابێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩ ساڵەی تیرۆری د. قاسملووی نەمرو هاوڕێکانی‌دا داوا لە دەوڵەتی ئێستای ئوتریش دەکا بە وەگەڕخستنی پەروەندەی ئەو کارەساتەو بەڕێوەبردنی عەدالەت لەبارەی ئەم پەروەندەیە، ئەو پەڵە رەشە لە مێژووی وڵاتەکەی بسڕێتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا لە کوڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو دژی تیرۆر دەکا یارمەتی بە وەگەڕکەوتنەوەی ئەم پەروەندەیە بکەن‌و پشتیوانیی لێ بکەن. ئێستا کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی‌و هەڕەشەی ئەم رێژیمە لە سەر جیهان ئاشکراو حاشا هەڵنەگرە، چاوەڕوانیی وەگەڕ خستنی ئەم پەروەندەیە چاوەڕوانی‌یەکی ئوسوولی‌و بەجێیە.




**تێکۆشەران، ئەندامان‌و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

٩ ساڵ لەمەوبەر لە گەرمەی ١٠ ساڵەی بیرەوەریی شەهید بوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەردا، یەکێکی دیکە لە رێبەرانی بەوەجی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ کاک سەید سەلام عەزیزی بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. کاک سەلام ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، کەسایەتییەکی خەباتگێڕو بەرپرس‌و بەڕێوەبەرێکی لێوەشاوەو بە ئەزموون بوو کە ببووە یەکێک لە کۆڵەکەکانی رێبەریی حیزبی دێموکرات. بە کۆچی دوایی نەمر سەلامی عەزیزی، حیزبی دێموکرات، کەسایەتییەکی خۆشەویست، رێبەرێکی بە ئەزموون‌و مرۆڤێکی بەنرخی لە دەست دا. مرۆڤێک کە هەموو توانای خۆی خستە خزمەتی حیزبەکەی‌و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و، تا دوایین هەناسەی ژیانی، لە تێکۆشان‌و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی رزگاریی نەتەوەکەی، درێخی نەکرد. کاک سەلام کە دوکتور قاسملووی لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی‌دا کردبوو بە ئولگووی خۆی، لە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی رێبەرو مامۆستا خۆشەویستەکەی‌دا ماڵاوایی لە ژیان‌و هاوسەنگەرانی کردو چووە ریزی کاروانی پڕ سەروەریی شەهیدان‌و نەمران کە قازی‌و قاسملووو شەرەفکەندی لە ریزی پێشەوەیان دان. لەم بۆنەیەدا بەرێزەوە یادی دەکەینەوەو وەفاداریی خۆمان بە ئامانجە بەرزەکانی دووپات دەکەینەوە.

**خەڵکی تێکۆشەری کورستان!**
**ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

ئێوە ١٩ ساڵ لەوە پێش رێبەرێکی خۆشەویست‌و بلیمەتتان لەدەست دا. حیزبە تێکۆشەرەکەتان حیزبی دیموکرات دوای ئەم کارەساتە چەندین کارەساتی دیکەی بە سەردا هات. ئەم کارەساتانە زەبرێکی زۆر قورس بوون لە حیزبەکەتان و خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان دران. بەڵام چونکە سەرچاوەی وزەو توانای ئەم حیزبە و ئەم خەباتە ئێوەن، بە خۆشییەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەروا چالاک و زیندوون و لە بەرەوپێشچوون دان. ئاواتەکانی د. قاسملوو نەمردوون‌و مادام هەڵقوڵاوی ناخی ئێوەن، نامرن. مامۆستای گەورەمان د. قاسملووی نەمر زۆر قوتابیی لە دەوری خۆی‌دا پەروەردە کردن کە هەر ئێستا لە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا درێژە بە خەبات دەدەن‌و ئەم خەباتە تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی قاسملوو هەر درێژەی دەبێ. حیزبێک کە قاسملوو پێی گەیاندبێ‌و رێبەرایەتیی کردبێ، بێگومان دەتوانێ دەیان قاسملووی دیکە لە نێو رۆڵەکانی ئێوە لە داوێنی خۆی‌دا پەروەردە بکاو بە سەربەرزییەوە رێگاکەی درێژە پێ بدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی ئەم تێرۆرەو تێرۆرەکانی دیکەش نەک هەر بە نیازە مەبەستەکانی خۆی کە بریتین لە لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان نەگەیشتوە، بەڵکوو ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر رووی درێوی ئەم رێژیمە بۆ دنیای دەرەوە ناسراوەو وەک رێژیمێکی تێرۆریستپەروەرو ئاژاوەگێڕ لە ناوچەوداو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمنییەتی ناوچەو جیهان سەیری دەکرێ. لەو کاتەوە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە نێوخۆدا پێگەیەکی لە نێو خەڵکدا پەیدا نەکردوە، بەڵکوو رۆژ لەگەڵ رۆژ لەبەرچاوی خەڵکی ئێران بێزراوتر دەبێ. تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی وای کردوە بەشێکی بەرچاو لە داهات‌و دراوی وڵات بە فیرۆ بچێ‌و ئەمڕۆ گیروگرفتی ماڵی‌و ئاوسانی ئابووری لە سایەی ئەم سیاسەتە دژە ئینسانییەدا برستی لە خەڵکی وڵات بڕیوەو هەژاری، نەخۆشی‌و بێکاری زیاتر لە هەر کات پەرەی گرتوە.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**ئۆگرانی رێگاو ئامانجە بەرزەکانی دوکتوو قاسملوو!**

لە ١٩ ساڵەی تیرۆری ئەو رێبەرە مەزنەدا وەفاداریمان بە رێگاو ئامانجەکانی، بە تین‌و گوڕ بەخشین بە تێکۆشانی حیزب و خەباتە رەواکەمان‌و، بەتوندتر کردنی بەربەرەکانی لەگەڵ سیاسەتە دژی‌گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنینەوەو بە رێبەرانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی نیشان دەدەینەوە کە قاسملوو بۆ هەمیشە لە ویژدانی نەتەوەی کوردو تێکۆشەرانی دیموکراتدا زیندوو دەمێنێتەوە.

سڵاو لە ناوو یادی رێبەری ناوداری کورد د. عەبدولرەحمان قاسملووو هاوڕێی تا سەری، شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر.

بڕووخێ رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١١ ژوئیەی ٢٠٠٨**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٨٧**

**درێژەی**

# خوێندنەوەیەک بۆ بزووتنەوە نارەزاییەکەی ٢٢ی پووشپەڕ

ئێستا وەک سەرەتایەکی باش ئەم گەلە هاتۆتە مەیدان‌و ئامادەیی خۆی بۆ هێنانەگۆڕی داخوازی ماف‌و ئازادییەکان لەو جێیە کە پێویستە دانی باجی ئەو ماف‌و ئازادییانەشی دەربڕیوە. چونکە وەک رێبەری شەهیدمان گوتوویەتی: " گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا"، لەو حاڵەدا دەبێ بزانین رێژیمی فەرمانڕەوا چەندە توانای تێگەیشتنی پەیامی خەڵک‌و وەڵامدانەوە بە داخوازی خەڵکی هەیە. داخوا دەرس لە مێژوو وەردەگرێ‌و مل بۆ ویستی ئەم گەلە رادەکێشێ، یان تەنیا وەختێکی پەیامی خەڵک دەبیسێ کە ئیدی درەنگ بووەو پەژیوانی سوودی نەماوە؟

ئەوەی تائێرە گوتمان پەیامی خەڵکی کوردستان بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێران بوو. بەڵام راپەڕینی ٢٢ی پووشپەڕ پەیامێکی روونتر بەڵام دۆستانەی بۆ حیزب‌و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتیشی پێ بوو. ئەویش پەیامی یەکدڵی‌و یەکپارچەیی مەبەست‌و داخوازو ریزەکان بوو. لە رۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا کۆمەڵانی کوردی رۆژهەڵات حیزب حیزبێنەو شەڕە دروشم‌و شەڕەگەڕەکیان وەلا نابووو هەموو پێکەوە لە دەوری ئاوات‌و ئامانج‌و ویستە رەواکانیان کۆببوونەوە. بەم جۆرە ئەوان بە حیزب‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردیان راگەیاند کە ئێمە یەک مەبەست‌و یەک ئامانجمان هەیەو لە یەک ریزدا وەستاوین‌و لە ئێوەشمان دەوێ دوور لە جیاوازی‌و جۆراوجۆری لە دەوری ئامانجە هاوبەشەکان کۆ ببنەوەو پێکەوە هاوکاری بکەن.

پەیامی راپەڕینی ٢٢ی پووشپەڕ لەوە روونترو راشکاوانەترە یەکێک تێی‌ناگا. هەر حیزب یان رێکخراوێک ئەو پەیامە نەبیسێ، بیهەوێ نەیهەوێ بەدژی ویستی یەکپارچەی خەڵکی کوردستان وێستاوەتەوە. ئەمڕۆ یەکڕیزیی هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێران‌و لەویش زیاتر ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە هەموو کاتێک پێویست ترە. نیشانەکان پێمان دەڵێن کە ئێران چاوەڕوانی رووداوی نوێیە. هەروەک زۆر جاریش گوتراوە دەسکەوتی گەلی کورد لە هەر ئاڵوگۆڕێکی ئێران دا بارتەقای نەخشێکە کە دەتوانێ نەخشێکی کاریگەری لە ئاڵوگۆڕەکانی وڵات داهەبێ.

چونکە بۆ هەموانیش روونە کە یەکریزیی کۆمەڵانی خەڵک بە یەکریزیی هێزەکانی ئۆپوزیسیۆنەوە بەستراوەتەوە، ئەرکی هەموو حیزب‌و رێکخراوە کوردی‌یەکانە بە تێگەشتنی ناسکیی هەلومەرجەکە چەندی بکرێ زووتر وەخۆ کەون‌و هەوڵێکی جیددی بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش دەست پێ‌بکەن. هەر چەشنە بڕو بیانوو هێنانەوەیەک سەربادان لە ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و خۆدزینەوە لەو ئەرکە گرنگ‌و هەنووکەیی‌یانەیە کە مێژوو خستوونیەتە سەرشانی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دڵەوە "لبیک" بە پەیامی نەتەوەیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ‌و هەموو حیزب‌و رێکخراوە بەرپرس‌و وڵاتپارێزەکان بۆ دەستپێکردنی وتووێژێکی جیددی لەسەر ئەگەرەکانی ئاڵوگۆڕی ئایەندەو ئەرکەکانی سەرشانی تێکۆشەران بۆ گەیشتن بە بەرنامەیەکی هاوبەش هاوکاری‌و هاوخەباتی بانگهێشتن دەکا. با هەوڵ بدەین هەموومان قازانجی گشتی پێش قازانجی حیزبی‌و رێکخراوەیی بخەین‌و بەچاوی ئامراز نەک بە چاوی ئامانج سەیری رێکخراوەکانمان بکەین. با هەمووان لە دەمارگرژی‌و رق‌و کین گەورەتر بین‌و ئەگەر رق‌و قینێک لە کاردایە، رووی پێ لە دوژمنی هاوبەش‌و زەوتکەرانی مافی رەوای نەتەوەکەمان بکەین. مەلا ئاوارە گوتەنی:

***ئەگەر یەک بین‌و یەک بگرین***
***لەگەڵ یەک دا بژین بمرین***
***زاڵ دەبین‌و سەردەکەوین***
***بەرز دەبین‌و نانەوین***

# هەواڵەکان



## خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مانگرتنێکی گشتی یادی ڕێبەری مەزنی گەلەکەیان بەرز ڕاگرت

ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕ، خەڵکی تێکۆشەرو خۆڕاگری کوردستان ئەمەگناسانە بە مانگرتنێکی گشتی یادی ڕێبەری مەزنو هەرگیز نەمری گەلی کورد، شەهید دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرتو پەیمانی وەفادارییان بە ئامانجو ڕێبازی ئەو شەهیدە مەزنەی گەلەکەمانیان نوێ کردوە.

بە پێی هەواڵەکان خەڵکی شارەکانی سنە، سەقز، بانە، ئیلام، کرماشان، ورمێ، بۆکان، مەهاباد، کامیاران، شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، ڕەبەت، سەڵماس، ماکۆ، سەرپێڵی زەهاو، پاوە، جوانڕۆ، ڕوانسەر، سەلاسی باوەجانی، قەسری شیرین، هەرسین، سەحنە، مەریوان، ماکۆ، خۆی، کەنگاوەر، دیواندەرە، دالاهۆو... لە مانگرتنێکی گشتیدا سەرەڕای هەڕەشەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دووکانو بازاڕەکانیان داخست. ئەم مانگرتنە گشتییە لە کاتێك دابوو کە ڕێژیم هێزێکی زۆری لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد بووو لە شەقامو مەیدانەکان دا جێگیری کرد بوو هەڕەشەیان لە خەڵك دەکرد کە دووکانەکانیان بکەنەوە، ئەگەر نا دواتر مۆڵەتنامەی کارکردنیان لێ دەستێننەوە. پێویستە بگوترێ لە شاری بۆکان گوشاری هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەر خاوەن دووکانە داخراوەکان لە چەند شوێنی شاردا ئاڵۆزی لێکەوتەوەو خەڵکی ئەو شارە هێرشیان کردە سەر ئەو هێزانە ڕاویان ناون.

لە لایەکی دیکەوە لە شارەکانی ورمێو نەغەدە هەواڵمان پێ گەیشتووە کە ئەو ساڵ بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابردوو بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئازەری زمانی ئەو دوو شارە بە مانگرتنەکەوە پەیوەست بوونو وێڕای گەلی کورد ڕێزیان لە یادو بیرەوەری شەهیدانی ڤییەن گرتو تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

پێویستە بگوترێ بەرینایی مانگرتنو نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ دا بە ڕادەیەك بوو کە جگە لەوەی دەنگدانەوەیەکەی بەربڵاوی لە میدیا ناوچەییو نێودەوڵەتیەکان دا هەبوو تەنانەت ڕاگەیەنە نێوخۆییەکانیشی ناچار کرد چاوی لێ نەنووقێنن.

جێگای ئاماژەیە تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حدك لە نزیك مانگێك بەر لەم یادە بە چالاکیی هەمە چەشنی وەك بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهید قاسملوو، ناردنی پەیام لە شارو ناوچەکانی کوردستان دا خەڵکیان بۆ ئەم چالاکییە مەدەنییە هان دا.

## هەوڵەکان بۆ ڕزگاری گیانی کەماڵ شەریفی هەروا درێژەی هەیە



لە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕەوە کە کەمپێنێك بۆ ڕزگاریی گیانی کەماڵ شەریفی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات وەڕێکەوتووە، تا ئێستا نزیك بە ١٤٠٠ ئیمزا کۆکراوەتەوە. هەرلەم پێوەندییەدا مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانیشتنێك دا لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارلمانی برۆکسێل داوای لە پارلمانی ئەو وڵاتە کرد کە بۆ ڕزگاریی گیانی کەماڵ شەریفیو هەموو زیندانیانی سیاسیو مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبکۆشێ.

لەلایەکی دیکەوە شاندێکی کەمپێینەکە لە دەرەوەی وڵات پێکهاتوو لە هەردوو ڕۆژنامەنووس ڕێبوار کەریمیو دڵشاد جەمشیدی سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد. شاندەکە لە دانیشتنێك دا لەگەڵ بەرپرسی بەشی ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە وێڕای ئاماژە کردن بە ڕابردووی تێکۆشانی ڕۆژنامەوانی کەماڵ شەریفی، ئاگاداریان کردەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە بە توندی لە ژێر ئەشکەنجەدایەو مەرگ هەڕەشە لە گیانی دەکات.

شاندەکە هەروەها نامەیەکیان پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوە کرد کە لە نامەکەدا داوا لەو وڵاتە کرابوو لێبڕاوانەو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە فشار هێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامی هەوڵی ئازادیی ڕۆژنامەنووس کەماڵ شەریفی بدات.

دریژەی

## ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان




قادر وریا هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا حەرەکەتە مەزنەکەی ٢٢ی پووشپەڕی خەڵکی کوردستانی بە نیشانەی گەورەیی کەسایەتی دوکتور قاسملووو هەروەها وەکوو پێوانەیەك بۆ چوونە سەری ڕادەی وشیاریی بەرەی نوێو تازە لاوی هەڵسەنگاندو وتی:

دوکتور قاسملوو ئەوڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خەڵکی کورد لە پەیامەکەیو لە ڕێبازەکەی تێ دەگەنو پێی وەفادارن، بە جۆرێك کە بەرەی نوێو لاوانی ئەوڕۆ ویستو داخوازییەکان خۆیان لە کەسایەتی دوکتور قاسملوودا دەبیننەوە، مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستانیش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە.

قادر وریا لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی دەفتەری سیاسیدا ئاماژەی بە لایەنی ئاشتیخوازی کەسایەتی دوکتوور قاسملوو کردو وتی: دوکتور قاسملوو باوەڕی قووڵی بە ڕێگە چارەی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەبووو پاش کۆتایی شەڕی ئێرانو عێراق یەکێك لەو شتانەی کە بیری لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە کوردیش لە ئەگەری جێگیر بوونی ئاشتی لە ناوچەکەدا لە بەرهەمەکەی بێ بەش نەبێ، هەر بۆیەش ماوەیەك دواتر لە سەر مێزی وتوووێژ لە لایەن دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی دەفتەری سیاسیدا ئاماژەی بە کۆنگرەی ١٤ی حدك کردو وتی: دەتوانین بڵێین کە ئەم کۆنگرەیە بە تەواوی لە ژێر ڕێنوێنییەکانی دوکتور قاسملوودا بەڕێوە چوو کە فێری کردین بەردەوام بو خۆماندا بچینەوەو لە بیری نوێ بوونەوەو داهێناندا بین.

لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسیدا هەروەها یادی شەهید عەبدوولڵا قادری ئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوینەری حیزب لە ئورووپا کە لە ویەن هاوڕێ لە گەڵ دوکتوور قاسملوو شەهید کرا، بەرز ڕاگیرا.

لە لایەکی دیکەوە وەکوو ساڵانی ڕابردوو هەر لەو ڕۆژەدا یادی کاك سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی کە لە دەیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا لە ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەرز ڕاگیرا.

شایانی باسە ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری حیزبو سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب دانیشتوو لە باشووری کوردستان بەڕێوە چوو. بەشێکی دیکە لە برگەکانی ئەم ڕێوڕەسمە بریتی بوون لە:

— سروودێك لە لایەن گرووپی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- پەخشانێك لە لایەن مامۆستا بێبەش

— پەیامی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

— سروودی قاسملوو لە لایەن کۆڕی هونەری حیزب

- پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی

سروودێکی تایبەت بەم ڕۆژە بە هاوبەشی لە لایەن فەرهاد ساڵحیو سارێژ حەکیم زادە.

## دەیان ڕێکخراوو چالاکی مەدەنی لە ناشتنی تەرمی شەهێن نەسرۆڵڵاهی بەشداری دەکەن



دەیان ڕێکخراوو چالاکی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان لە ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی شەهێن نەسرۆڵڵاهی تەمەن ٢٢ی ساڵی خەڵکی ئاوایی دزڵی هەورامان کە بە شێوەیەکی وەحشیانە لە لایەن براکانییەوە کوژرابوو، بەشدارییان کرد. سەرچاوەیەکی ئاگادار کە ناوەکەی لای "کوردستان " پارێزراوە، پێی ڕاگەیاندین، "ئەم ڕێکخراوو چالاکانە کە لە شارەکانی مەریوانو پاوەوە بە هەڵگرتنی پلاکاردو پێشکەش کردنی وتار بەشداریان لە ڕێورەسمەکەدا کرد، مەبەستی سەرەکیان مەحکووم کردنی دیاردەی دزێوی ژن کوشتن لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف دابوو. ئێمە وەکوو چالاکانی مافی مرۆڤو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لەمەودوا لەم جۆرە حەرەکەتانە زۆر بەڕێوە ببەینو نابێ لە بەرامبەر هیچ چەشنە تاوانێك بێدەنگ بینو یا تەنیا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێك قەناعەت بکەین. ئەم جۆرە حەرەکەتانە ڕۆشنگەرییەکی باشی لە نێو کۆمەڵگادا بە دواوە دەبێو کاریگەرییەکی زۆری هەیە، لانی کەم ئەو خەڵکانەی کە هەڵگری ئەم جۆرە بیرکردنەوە نائینسانیانەن لە ترسی ڕای گشتیو ئابڕوو چوون ناوێرن ژنو کچەکانی خۆیان بکوژن".

## مامۆستایەکی دیکەی کورد بە ئێعدام مەحکووم کرا



ئەنوەر حوسێن پەناهی خەڵکی ناوچەی لەیلاخی سنە، مامۆستایەکی دیکەی کوردە کە چەند حەوتووی ڕابردوو لە لایەن دادگای شۆڕشی شاری سنەوە بە ئێعدام مەحکووم کرا. ئەنوەر حوسێن پەناهی پاییزی ساڵی ڕابردوو لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری قوڕوەوە بە تۆمەتی "شەڕ لە گەڵ خودا" و هەنگاونان دژی تەناهی نەتەوەیی دەسبەسەرو ڕەوانەی زیندان کرا. ناوبراو لەو ماوەیەدا بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بە ئەشکەنجەی وەحشیانەی زیندانوانان ١٣ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت

## دوو ئەندامی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئەدەبی بۆکان دەسبەسەر کران




شەوی ٢٣ی پووشپەڕ مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵی هەر دوو نووسەرو چیرۆکنووس ئەمجەد غوڵامیو سولەیمان شەریفیو دەسبەسەریان دەکەنو پاشان ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان دەکەن.

ئەمجەد غەڵامیو سولەیمان شەریفی هەر دوو لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئەدەبی شاری بۆکانو دەوترێ کە دەسبەسەر کرانی ئەوان پێوەندی بە مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ڕابردووی شاری بۆکانەوە هەیە. ئەمجەد غولامی هاوکات خوێندکاری زانکۆی هەمەدانەو سەرنووسەری گۆڤاری خوێندکاری داخراوی" مانا" یە.

## ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاودا دەخنکێ

تاهیر ئەمین زادە کوڕی ڕەحیم خەڵکی بەنەژاژی شاری شنۆ کە لە ساڵی ١٣٧٠ەوە پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرتووەو ئەندامێکی چالاکو لێهاتووی نێوخۆی وڵات بوو، بەداخەوە ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕ لە گۆمەڵێنی چۆمی کەلوێدا خنکا.

بەم بۆنەیەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێك دا وێڕای دەربڕینی داخو کەسەر، سەرەخۆشیی لە بنەماڵەو کەسوکاری ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزەی حیزبو گەلی کوردی کرد.

دریژەی

## کۆبوونەوەی هێمنانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر بەڕێوە چوو



هانا عەبدی، ئەنوەر حوسێن پەناهیو فەرهاد وەکیلی دروشمیان سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی کەمانگەرو ئازادی تێکڕای زیندانیانی سیاسیو هەروەها کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەخوێندەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەی نارازیان خوێندرایەوە کە لە بەشێك لەو بەیاننامەدا هاتبوو: حەوتوویەك بە سەر پشتڕاستکردنەوەی حوکمی ئێعدامی مامۆستا فەرزادی کەمانگەردا تێدەپەڕێ، حەوتوویەکە کە هەموو وشە جوانەکانی ئازادی، دادپەروەری، خۆڕاگری، مافی مرۆڤ، ئەوین، نەتەوەو مامۆستا چوونەتە ژێر پرسیارەوە. ئەوڕۆ وێمە لێرە کۆبووینەتەوە تا هەموو پێکەوە هاوار بکەین ئاخە بۆ چی؟

هەروەها لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە ئەوڕ بۆ پشتیوانی لە فەرزادی کەمانگەر لێرە کۆبووینەتەوە، بەڵام لە پاڵ ئەوەدا ڕادەگەیەنین کە دەسبەسەر کردن، کوشتنی چالاکانی سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگی کورد هیچ کات ناتوانێ تۆزێك لە ئیرادەی میللەتی کورد بۆ گەیشتن ئامانجەکانی دابەزێنێ.

# هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتوون

**بەشی چوارەم**

## پەیامی ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خوراسان

دۆستانی بەڕێز!
وێڕای سڵاو

ئەنجومەنی فەرهەنگیو مەدەنیی کوردەکانی خوراسان بە بۆنەی پێکهاتنی چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناخی دڵەوەو بەو پەڕی خۆشحاڵی- یەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامانو لایەنگرانی ئەم حیزبە دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم ٦٢ ساڵەدا گەلێك هەورازو نشێوی تێپەڕاندوون هەمیشە توانیویەتی بە خۆڕاگریو ماندوویی نەناسییەوە درێژە بە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بدا.

هیواداریـن چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبەکەتان کۆنگرەیەکی بە سوودو پڕ بەرهەم بێو دەسکەوتی بە نرخی بۆ نەتەوەی کورد هەبێو سەرکەوتنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری بۆ ئێوە لەگەڵ بێ.

سەبارەت بە سەرقاڵیی زۆرمان لە وڵاتی ئینگلیستان دا، نەمان توانی لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی حیزبەکەتان دا بەشدار بین داوای لێبوردنتان لێ دەکەین، بەڵام خۆمان لە پەنا ئێوەدا دەبینین.

**دوکتور ئەفراسیابی شوکوفتە**
**بەرپرسی ئەنجومەنی کوردەکانی خوراسان**
**٤ی ژانویەی ٢٠٠**

## پەیامی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان

ڕەفیقەیل موبارێز ڕێگای ئازادی!

ئەزیزەیل، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردسان!

خەوەردار بیمنە کە خەریك گردن کۆنگرەی چواردەی حزبە پیروزەکەتانن. بێشك نەتیجەی کونگرەی چوارده با تەوجووه وه بەشداری فەئاڵ کادره دڵسۆزەکان حزب، ئومیدواریم کونگره چوارده کۆنگرەیەك سەمەربەخشو پڕبایەخ بود، هەر ویجوره کە ئاگادارین ئیمرۆ کورد لە ڕۆژهەڵات کوردسان لە شەرایەت فره حەساسیك قەرار گردەو وەگەرد ڕەنجو ئەزابەلێك کە جمهوری ئیسلامی وەپیان تەحمیل کردیەو کەیت دەسو پەنجە نەرم کەن، لە مقابل ئەو ڕژیمە زدە بەشەره مقاومەت کەنو سەر ئەرامی خەم نیەکەن. هەر ئەو جورەی کە خوەتانیچ زانین ڕۆژانە دەیان کەس لە ڕۆڵەکان ملەتەکەمان وەدەس ئەو جەلادێلە خوینیان ریشەتو بێ سەرو شون بون، وەیا لە سیاچاڵەکان ئەو ڕژیمە نائینسانییە تامەزروێ ئازادی ملەتەکەیانن.

ئێمە جور جونبش دموکراتیك یارسان کە بەشیك لە جەستەی ملەتەکەمانیم کە ئەویچ ملەت کوردە کە تا ئێستا زیاتر لە گشت نائداڵەتیو زوڵم موزائەف سیاسی، ئایینی، فەرهەنگیو پیمان تەحمیل کریاس. وە ئی زوڵمو زورداریيە کە لە ملەتەکەمان بە تایبەت مەردم یارسان کریاس باییس وه وجوود هاتن جونبش دموکراتیك یارسان بیەس، ئەڕا وەدەس هاوردن حقووق پایماڵ کریایمان. ئێمە جور جونبش دمۆکراتیك یارسان پیرۆزبایی خۆمان لە کونگرەی چواردەی ئیوەو سەرجەم کادرو پێشمەرگەو دڵسوزان حیزبەکەتان کەیمو ئارەزووی کۆنگرەیەك موفەق ئەڕاتان دیریم.

**جونبش دمۆکراتیك یارسان**
**٢٠٠٨/٣/٧**

## پەیامی کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی کورد لە ئاڵمان

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

هیواداریـن لە بەڕێوەبردنی کۆنگرەو هێنانە ئارای بیرو شێوازی نوێو خۆ ڕێکخستن لە تەك هەلومەرجو پێداویستییەکانی خەباتی نەتەوایەتی سەرکەوتوو بنو لە پێناو دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆو داهاتووی جووڵانەوەی کورد بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەنگاوی پێویستو بە نرخ هەڵێیننەوە.

هەر وەکوو دەزانین لە سێبەری گۆرانکارییەکانی جیهانی، ناوچەییو بە تایبەت بارودۆخی کوردستان، تێڕوانینی نوێ لە سیاسەتو شێوازەکانی ڕێکخستنو داڕشتنەوەیان لە سەر بەستێنی هەلومەرجی سەردەمییانە بۆتە ئەرکی ڕۆژانەی هەر تاکێکی کورد، بە تایبەت قورسایی ئەو ئەرکە پتر دەکەوێتە سەر شانی هێزو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان.

هەوڵو چالاکییەکانی پێش کۆنگرەتان تا ڕادەیەك نیشانی - داوە کە بە پێچەوانەی باوی پێشوو، ئەم کۆنگرەیەتان بۆ جودابیرانو بیرمەندانی سەربەخۆ کراوەترەو چەند ئەرکی سەرەکیو گرینگی لە پێش خۆی داناوە کە لە هەمووان بەرچاوتر دیاریکردنی ستراتیژییەکی ڕوونی نەتەوایەتییە کە نە بە پێی دڵخۆش بوونی هێز یان لایەنێك، بەڵکوو لە سەر پاراستنی بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەییەو لە سەر ئەو بنەمایە دۆزینەوەی دۆستو هاوپەیمان لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە میکانیزمێکی دێموکراتیك سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەیی بۆ ئەوەی کەموکووڕییەکانی پێشوو سەر هەڵنەدەنەوەو وزەو تواناکان لە جێی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەرگیرێ.

دیارە لە گەڵ ئەمانەشدا، دەرباز بوون لە ژیانی کەم کردەوەییو کەمپنشینیو هەروەها بایەخدان بە سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی ناوەوەی وڵات، هەڵوێست لە سەر گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان وەك نابەرابەریی مافی ژنو پیاو، قەتڵی ناموسیو خۆکوژی، پرسی منداڵانو لاوان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو پاراستنی ژینگەو.... بەشێکی گرینگی کۆنگرەکەتان پێك دێنێ کە هیواداریـن سەرکەوتووانەو پسپۆڕانە بە سەریاندا زاڵ بن.

لە سەر ئەو بڕوایەین کە ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوەندە بە پەلەنو گۆڕانکارییە سیاسییەکان هێندە بە خێرایی جێگۆڕکێ بە سیاسەت دەکەن کە حیزبێکی زیندووو داهێنەر دەشێ تاکتیك بە پێی ساتو کاتی ڕووداوەکان داڕێژێو خۆی لە قاڵبو کلێشە لە پێشەوە داڕێژراوەکان بپارێزێ. گرینگ ئەوەیە هەموو هەوڵو تاکتیکەکان لە خزمەت ستراتیژیی پەسندکراوو بەرژەوندیی نەتەوەیدا بێت.

لە کۆتاییدا، ئێمە دەستی هەموو چالاکانو تێکۆشەرانی کورد بە گەرمی دەکوشینو خۆمان لە پەنا هەموو ئەو لایەنو کەسایەتییانەدا دەبینینەوە کە بۆ کوردستانێکی ئازاد، دێموکراتو سەربەخۆ هەوڵ دەدەن.

جارێکیتریش سەرکەوتنو سەربەرزیتان لە ڕێگای خزمەت بە گەلو نیشتمان بە ئاوات دەخوازین.

**سیرووس مەئوایی، تاهیر حیکمەت، خەلیل حەواری نەسەب، تاهیر بەرهوون، ئاسۆ فەڕوخ، حەسەن ماوەرانی، مەنسوور سیدقی، عومەر ڕۆستەمی، کامران ئەمین ئاوا، بێهروز ئەنساری، برایم عەلیپوور، حوسێن بەخشی**

## پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هاوڕێیانی خۆشەویست!

خەباتگێڕان، تێکۆشەران، ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو مافی نەتەوایەتی!

شانازیو مایەی دڵخۆشیو جێی هومێدە کە بە مەبەستی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێك لە بەوەفاترینو کاریگەرترین ئەندامانی ئەو حیزبە لێرە کۆبوونەتەوە. لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی چەندین ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە، دەردەکەوێ ئەو حیزبە لە هەموو قۆناخەکان دا گرینگیی تایبەتیی بە لاوان داوەو هەمیشە وەك بەشێکی دانەبڕاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لاوانو یەکیەتیی لاوان کراوە. بەڵام هەر وەك چاوەڕوان دەکرێو هەمووان دەزانین لە کۆنگرەی چواردەهەم دا بەشداریی لاوانو گرینگی دان بە لاوان شتێکی بێ وێنەو جێی سەرنجو مایەی دڵخۆشیی هەمووانە.

جارێکی دیکەش بەبۆنەی پێکهێنانی چواردەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێینو هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان!

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی هەموو ئەندامو لایەنگرانییەوە پیرۆزباییتان پێشکەش دەکاو هیواداره کۆنگرەی چواردەهەم کۆنگرەیەکی پڕ دەستکەوت بێ، لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم دا بگونجێو بەرەو نوێ بوونەوەی زیاتر هەنگاو بنێ.

نەمری بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان

**کۆمیتەی بەرێوەبەریی**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

درێژەی

## سوپاسنامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزووتنەوەی بەشکۆی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو بە زۆر شێوەی دیکەش لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ڕەنگی دایەوە، بەسەردانی گڵکۆی شەهیدان، دیدار لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانییانی سیاسیو هەڵکردنی مۆم لە ساتەوەختی تیرۆری دوکتوری شەهیداو بە هەر ڕێگایەك بۆیان کرا کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەمەگناسیی خۆیان بۆ ڕێبەری شەهیدیان دووپاتە کردەوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە لە ساڵانی ڕابردووش داو بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٨٤دا بزووتنەوەی لەم بابەتە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەڕێخراوەو ڕێز لە یادی دوکتور قاسملووی ڕێبەر گیراوە. بەڵام بزووتنەوەی ئیعتیرازیی ئەم جارە قەوارەیەکی بەرینتری بە خۆیەوە گرتو وشیاریو هەستێکی ئاگایانەتری نەتەوەیی پێوە دیار بوو. ئەم بزووتنەوەیە نوێنگەی یەکیەتیی ئیرادەی کۆمەڵانی گەلی کورد بۆ وەفاداری بە ڕێبەرانی شەهیدو بێزاری لە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی ئێرانو سووربوون لەسەر مافو ئازادییەکانیانو درێژەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لەمێژینەکانیان بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێك دا دەستخۆشیو ئافەرینو سوپاسی خۆی پێشکێشی بارەگای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، لەو یەکدەنگیو یەکڕەنگییەدا مژدەی دەست پێکردنی قۆناخێکی نوێ لەخەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان دەخوێنێتەوە. بە باوەڕی دەفتەری سیاسی ئەم بزووتنەوە بەشکۆیە دەبێ ئیلهامدەری حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ بۆ هەوڵێکی شێلگیرو ڕاستگۆیانە لە پێناوی یەکخستنی هەڵوێستو سیاسەتو ڕیزەکانیان تا گەیشتن بە بەرنامەیەکی هاوبەشی خەباتگێڕانە کە هەموو لایەنەکانی تێیدا بەشدار بنو پێکەوە بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوهەڵ بێننەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك لە کۆماری ئیسلامی سەرانسەری وڵاتی تەنیوەتەوەو لە کوردستان بەم شێوە حەماسییە خۆی دەنوێنێ، لە حاڵێك دا سیاسەتی شەڕخوازانەو ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لایەنە دەرەکییەکانی بەرامبەر بەم ڕژیمە یەکگرتوو کردووەو لە کاتێك دا ئەگەری ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ئێرانو دنیای دەرەوەدا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوون دایە، پەرشو بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هیچ پاساوێك هەڵ ناگرێو تەنانەت نیشانەیەك لە تێنەگەیشتنی هەلو مەرج یا هەست نەکردن بە بەرپرسایەتی یە.

بە تایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ پەیامی ڕاپەڕینی پووشپەڕی ئەم ساڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جیددی وەربگرێو ئەگەر نەیتوانیوە لە بواری یەکخستنی هەوڵەکان دا پێشەنگو ڕێنیشاندەر بێ، هەر نەبێ "بە پیر" بانگەوازی کۆمەڵانی خەڵکەوە بچێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نۆرەی خۆی بۆ وەڵامدانەوە بەو بانگەوازە لە هیچ هەوڵێك تەنەڤی ناکا.

سڵاو لە یەکیەتیی ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سوپاسو دەستخۆشی بۆ ئەو یەکڕیزیو یەکپارچەییە

بەڵێ بۆ هاوکاریو هاودەنگیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٨٧/٤/٢٣**


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# کورد و ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست

ئاریز

**یەکەم کەس کە دەروازەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی SI**
**بە ڕووی نوێنەرانی بزووتنەوەی کورددا کردەوە شەهیدی نەمر**
**دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو**

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ڕێکەوتی ١٠/٤/١٣٨٧ی هەتاوی بیست و سێیەمین کۆنگرەی




ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە شاری ئاتێن پێتەختی یۆنان بە بەشداری زیاتر لە ١٧٠ حیزبی دێموکڕات و سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتی هەر پێنج قاڕڕەی جیهان پێک هات. ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست کە لە باری ژمارەی ئەندامانییەوە دوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە جیهاندایە لە شکڵی ئێستایدا نیزیک بە ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا دامەزراوەو لە ساڵی (١٩٥١)ەوە کۆنگرە بە کۆنگرە لە ژمارەی ئەندامانی و نفووزو ئێعتباری نێونەتەوەیییەوە زیادی کردووە. ئەگەر لە کاتی دامەزرانیدا زیاتر لە حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا پێک هاتبوو، دواتر پەل و پۆی بۆ هەموو لایەک هاویشتووەو ئێستا لە هەموو ناوچەکانی جیهان ئەندامی هەن.

ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لە کاتێکدا کۆنگرەی بیست و سێیەمی خۆی پێك هێناوە کە ئەندامەکانی لە ٥٤ وڵاتی جیهاندا یان دەسەڵاتی سیاسییان لە دەست دایەو بە دەنگی ئازادی خەڵك هەڵ بژێراون یان لە گەڵ حیزبی سیاسیی دیکە لە حکوومەتدا هاوبەشن. لەو وڵاتانەشدا کە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە دەسەڵاتدا نین یان لە پاڕلماندا کەمایەتییەکی بەهێزن یان ئەگەر دەرەتانی هەڵبژاردنی ئازادیش لە وڵاتەکانیان نیە، ڕێکخراوی بە ئێعتباری ئۆپۆزیسیۆنن.

ئەو بناخانەی کە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستیان لەسەر دامەزراوە بریتین لە پرەنسیپی ئینسانی و جیهان پەسندی وەك دێموکراسی، ئاشتی، ئازادی، مافی مرۆڤ، ژینگە پارێزی و بە گشتی هەوڵی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. هەر بۆیە لە گەڵ ئەوەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی "لازم و الاجرا" نین، ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست یەکێك لە شوێندانەرترین و بە نفووزترین ڕێکخراوە نێونەتەوەیییەکانەو لە هەموو جێگایەك حیساب لەسەر نەزەرو بۆچوونەکانی دەکرێ.

ڕێکخراوی ئێس ئای ( SI) بۆ هەر کۆنگرەیەك هێندێ مەسەلەی گرینگ زۆر زەق دەکاتەوەو تاوتوێیان دەکا بۆ ئەوەی بە تێکڕا و یەك یەکی ئەندامەکانی تا کۆنگرەی دواتر کاریان لەسەر بکەن. لە کۆنگرەی بیست و سێیەمی ئەم ڕێکخراوەدا تەوەرەی باسەکان ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتبوو: گیروگرفتی پیس بوونی ژینگە، کون بوونی لایەی ئۆزۆن، گرانی و کەمبوونی خۆراك، هەوڵی کەم کردنەوەی بێکاری، نەهێشتنی نەخوێندەواری و گیروگرفتی پەنابەران. ئەمەش وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر هەموو پرەنسیپەکانی دیکەی وەك ئاشتی و یەکسانی و هاوبەش و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

یەکێك لە سوننەتە باشەکانی SI ئەوەیە کە دەکرێ بڵێین لە تەواوی کۆنگرەکانی خۆیدا ئاوڕێك لە مەسەلەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆر لێکراو و یەك لەوان نەتەوەی کورد دەداتەوەو بڕیار و ڕاسپاردە لە بارەی پێویستیی دابین بوونی ماف و ئازادییەکانیانەوە دەردەکا.

کۆنگرەی ئەمجارەش ئەو نەریتە لەمێژینەیەی تێدا لە بەرچاو گیراو بە تێکڕا پێ لەسەر پێویستیی چارەسەری مەسەلەی گەلانی زۆر لێکراو داگیرایەوە. بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەم نەتەوەیە، کۆنگرەی ئاتێن کۆنگرەیەکی نموونەیی بوو و دەسکەوتی باشی بۆ گەلەکەمان تێدا بوون.

پێش هەموو شتێك جێی سەرنجە کە لە کاتێکدا هیچ کام لە حیزب و گرووپەکانی حاکم بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ئەندامی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سوسیالیست نین و نوێنەریان لە کۆنگرەو کۆبوونەوەکانیدا نیە، ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەك دەچێ کە بزووتنەوەی کورد جار بە جار بە قورسایی زیاترەوە لە کۆنگرەکانی SI دا ئامادە دەبێ. بەڵام بە تایبەتی حوزووری ئەمە جارەی نوێنەرانی بزووتنەوەی کورد شتێکی دیکە بوو. لە کۆنگرەی بیست و سێیەمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ حیزب، لە باشووری کوردستان دوو حیزب و لە باکووری کوردستان حیزبێك واتە شەش حیزبی کوردستانی لە نێو کۆڕی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتەکانی جیهاندا ئامادە بوون.

لەوانەش زیاتر لە کۆنگرەی ئەمجارەی SI دا بۆ یەکەمجار حیزبێکی کوردستانی واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بە ئەندامی تەواو هەقی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و ڕێبەرەکەشی بەڕێز مام جەلال وەك جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە هەڵ بژێردرا، کە بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە بەڕێز مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی و تێکڕای کورد دەکەین.

دەسکەوتێکی دیکەی کورد لە کۆنگرەی بیست و سێیەمی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا یەك دەنگی و هاوفکریی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بوو. لە پەراوێزی کارەکانی کۆنگرەدا نوێنەرانی شەش حیزبی کوردستانی جارێك بۆ خۆیان و جارێك لە گەڵ گرووپی کاری کوردان لە ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست لەسەر هەڵوێستی کوردو ڕێگا چارەی مەسەلەی کورد پێکەوە دانیشتن و داوای چالاکترکردنی گرووپی کاری کوردانیان کرد. هەر لە ژێر کاریگەری ئەو کۆدەنگییەشدا بوو کە لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرەدا داوای چارەسەری دێموکڕاتیکی مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کرا. بەو ئاواتە ئەو هاوکاری و هاودەنگییە لە نێو بەشەکانی بزووتنەوەی کورددا هەر بەردەوام بێ.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین یەکەم کەس کە دەروازەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی SIی بە ڕووی نوێنەرانی بزووتنەوەی کورددا کردەوە شەهیدی نەمر دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. ئەو کە لەمێژ بوو لە گەڵ زۆر کەسایەتیی نێو حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا دۆست بوو، لەو پێوەندییە دۆستانەیە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد کەڵکی وەرگرت و ساڵی ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار وەك سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ١٧ی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا لە لیما پێتەختی پیرۆ بەشدار بوو. ڕۆحی شادو ڕێگای پیرۆزی خەباتی بەردەوام بێ.

# ١٨ی پووشپەڕ لووتکە یا دەسپێکی قۆناخێک

حوسێن ئەحمەدپوور

**١٨ی پووشپەڕ سەرەتای دابڕانی بزووتنەوەی خوێندکارییە لە بزووتنەوەی ڕێفۆرمیستی نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕادیکاڵ بوونێکی زیاتر دەچێ**

لەسەرو بەندی ڕاپەرینە خوێندکارییەکەی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی‌داو تەنانەت چەند ساڵ دواتریش زۆر کەس هەبوون کە ئەو ڕاپەرینە خوێندکارییەیان بە لووتکەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دادەنا، ئەو کەسانە لەو ڕوانگەیەوە ئەو ڕاپەرینەیان هەڵدەسەنگاند کە نێوەرۆکی ریفۆرمیستی‌یانەی هەیەو لە بنەڕەت دا بە نارەزایەتیی دەربڕین بە دژی بەرتەسك کردنەوەی ئازادیی چاپەمەنی‌و ئازادیی ڕادەربڕین هاتۆتە کایەوەو ئەرکی بزووتنەوەی خوێندکاری لەو قۆناخەدا ناتوانێ شتێك بەدەر لە پێداگری کردن لەسەر چاکسازی زیاتر بێ.

ئەم ڕوانگەیە بەسەر بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی خوێندکاری‌و بەتایبەت لەنێو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت دا زاڵ بوو، و ئەمەش دەکرێ بۆ چەند هۆکاری وەکوو نفوزو دەستڕۆیشتوویی بەرەی "مشارکت"و لایەنگرانی خاتەمی لەنێو دەفتەری تەحکیم‌و هەروەها هیوادار بوونی چالاکانی خوێندکاری بە پرۆژەی چاکسازی لە کۆماری ئیسلامی داو.. بگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێك لە ڕێبەرانی دەفتەری تەحکیمی ئەوکات، ئێستا حاشاله بوونی وەها پێوەندییەك لە نێوان خۆیان‌و لایەنگرانی خاتەمی‌و هەروەها دڵخۆش کردنێك بە پرۆژەکەی خاتەمی دەکەن. ئەوەی ڕاستی بێ نکۆڵی کردن لە وەها پێوەندییەك لە جێگەی خۆیدا نییەو تەنانەت دەتوانین بڵێین جۆرێك لە ڕاپەڕینی خوێندکاری کۆنتڕۆڵ کراو بەشێك لە تاکتیکەکانی باڵی ڕێفۆرمیسی نێو ڕێژیمی پێك دەهێناو لە چوارچێوەی ستراتژی " لە خوارەوە فشارو لەسەرەوە مشتو مڕ" دا جێگەی دەگرت.

بەڵام ئێستا کە بۆ ڕاپەڕینی ١٨ی پووشپەڕ دەڕوانین، ئەو ڕاپەڕینە زیاتر لە دەسپێکی قۆناخێك لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دەچێ تا لووتکەی قۆناخێك. بەو مانایە ١٨ی پووشپەڕ سەرەتای دابڕانی بزووتنەوەی خوێندکارییە لە بزووتنەوەی ڕێفۆرمیستی نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی‌و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕادیکاڵ بوونێکی زیاتر دەچێ. ئەمەش زیاتر بەو هۆیەوە بوو کە ڕێفۆرمیستەکانی نێو حکوومەت نەیانتوانی یا نەیانویست خۆیان لە بزووتنەوەکە بە خاوەن دەرخەن. لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕاپەرینی ١٨ی پووشپەڕو دواتریش بەهۆی سەرکوتی لە ڕادەبەدەری وەحشیانەی هێزەکانی بەستراوە بە باڵی پاوانخواز ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ڕادیکاڵیزم دەڕۆیشت، هەر لەو کاتەدا باڵی ڕێفۆرمیستی نێو حکوومەتیش لە سەرووی هەموانەوە خاتەمی لە ژێر بەرامبەر چارەنووسی دەسبەسەر کراوانی خوێندکاری‌دا بێ‌دەنگی‌و بێ هەڵوێستییەکی قووڵ‌و ناوداریان گرتەبەر.



گوشاری باڵی پاوانخواز ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشێی دەکردو تەنانەت لە حکوومەت لەو قۆناخەدا ستراتژی" لە خوارەوە فشارو لەسەروە مشتو مڕ"

ئەگەر باڵی ڕێفۆرمیستی نێو گرتبووبەرو بزووتنەوەی خوێندکاریش هێزی سەرەکی "لەخوارەوە فشار"ی ئەم ستراتژییەیان پێك دەهێناو بە تایبەتیش هەندێك کەسایەتیی نێو باڵی ڕێفۆرمیست وەکوو سەعید حەجاریان‌و عەباس عەبدی کە داڕێژەری ئەم ستراتژییە بوون‌و بەشیکی زۆر هێزو تواناکانی خۆیان بۆ هاندان‌و کەڵك وەرگرتن لە هێزی بزووتنەوەی خوێندکاری تەرخان کردبوو، ئەوا ڕاپەرینی ١٨ی پووشپەڕ بە هۆی پاشەکشەی باڵی ڕێفۆرمیست‌و بێ‌دەنگی کردن لە بەرامبەر سەرکوتی خویندکاران دا، سەرەتای شکستی ئەو ستراتیژییەی ڕێفۆرمیستەکان‌و دابڕانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕێفۆرمیستەکان بووە بە دوای شکستی ئەم ستراتژییەش دابوو کە لە نێو دەفتەری تەحکیمی وەحدەت پرۆژەی تێپەڕ بوون لە خاتەمی دێتە ئاراوەو بەرە بەرە بەو ئاراستەیە دا دەڕوا کە کۆماری ئیسلامی لە گشتیەتی خۆیدا ڕەت بکاتەوەو ئەم ئاراستەش لە ڕاپەرینە یەك مانگییەکەی جۆزەردان‌و پووشپەڕی ١٣٨٢دا بە تەواوی خۆی دەنوێنێ‌و باڵ بەسەر بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا دەکێشێ.

دەتوانین بڵێین ڕاپەرینەکەی جۆزەردان‌و پووشپەڕی ٨٢ لە لایەکەوە درێژەی ١٨ی پووشپەڕ بووو لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوەی خۆێندکاری خۆی یەکلایی کردەوە. لەو ڕاپەرینەدا بۆ یەکەم جار پاش هاتنە سەکاری کۆماری ئیسلامی سەرهەڵدانێکی خوێندکاری وەها دێتە ئاراوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا ڕەت بکاتەوە. هەروەها ئەو ڕاپەرینە سەلماندی کە باڵی ڕێفۆرمیستی ناو دەسەڵات چی دیکە هیچ نفوزو دستڕۆیشتوویەکی لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری دا نەماوە. بەڵگەش بۆ ئەمە هەوڵەکانی دەفتەری تەحکیم بۆ هێور کردنەوەی ڕاپەرینەکە لە کاتی تەشەنە کردنی‌دا بۆ زانکۆکانی دیکەو درێژە کێشانی‌دا بوو، کە ڕێفۆرمیستەکان هەوڵیان دەدا بە هۆی هەندێك سیمای نێو دەفتەری تەحکیمەوە بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن. بەڵام هەر ئەو هەوڵەی دەفتەری تەحکیم بووە هۆی لاوازی ئەو ڕێکخراوەیە لە ساڵانی داهاتوودا‌و بواری بۆ سەرهەڵدانی باڵی ڕادیکاڵتر لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری دا هەموار کرد کە ئەوڕۆکە بەشێکی بەرچاو لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران لە کاناڵی ئەوانەوە ڕێبەری دەکرێن.

بە سەرنج دان بەو شتانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوەکرا ١٨ی پووشپەڕ نەتەنیا لووتکەی بزووتنەوەی خوێندکاری نەبوو، بەڵکوو بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەنگیزەو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، وەکوو خاڵی دەسپێکی قۆناخێکی نوێ لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دێتە ئەژمار. ١٨ی پووشپەڕ ڕۆڵێکی یارمەتیدەری بینی لەوەیکە خوێندکاران لە ساڵانی داهاتوودا بە شێوەیەکی زانستی نیزامی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر ڕەخنەو توانا‌و زەرفییەتەکانی ئەو نیزامەو بۆ گەیشتن بە دیموکراسی‌و جێگیر بوونی کۆمەڵگای مەدەنی‌و ئیمکانی پێکهێنانی ڕیفۆرم لەودا هەڵسەنگێنن، کە ئاکامەکەی بە بێ هیوایی خوێندکاران لە هەر چەشنە چاکسازییەك لە کۆماری ئیسلامی‌و سەرئەنجام ڕادیکالیزە بوونی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری بزووتنەوەی خوێندکاری کۆتایی پێ‌هات.

# د. قاسملوو گوتی: کارۆل، ئەو ڕۆژەی کە من دەمرم پێم خۆشە کتێبێك لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی

## دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نووسەری کتێبی "ڕەحمانی کوردان"

دیمانە: فەتاح کاویان
وەرگێڕان لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سووڵتانی

**پڕاگماتیزم و میانەڕەویی و تێگەیشتن و چاوکراوەیی ئەو، نەك هەر بۆ خەڵکەکەی خۆی بەڵکو لە بەرانبەر ڕۆژئاواش‌دا بە گشتی، ئەوی کردبووە کەسێکی تاقانە.**

**کەی و لە کوێ دوکتور قاسملووتان بینی؟**

ساڵی ١٩٨٣ لە ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس و لەو کاتەدا کە پێشانگایەك بۆ هونەری کوردی لەوێ کرابۆوە چاوم پێی کەوت. لەگەڵ یەڵماز گۆنەی و خێزانی، فاتوش، چوومە پێشانگاکە. کەنداڵ نزان بە دوکتور قاسملووی ناساندم. دوو ڕۆژ دواتر، لە کاتی وتووێژ کردنی‌دا لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێ هەواڵنێرەکانی خۆم کە نوێنەری ئینتەر پرێس سێرویس (IPS) بوو، دیسان چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوتەوە.

**ئێوە دوکتور قاسملوو وەك ڕێبەرێکی سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

دوکتور قاسملوو نموونەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو. چونکە ئەو، بنەماو پرنسیپەکانی دێموکراسی و هێوری و خۆڕاگری و هەروەها میتۆدی دیالۆگ (وتووێژ)ی ڕەچاو دەکرد. پڕاگماتیزم و میانەڕەویی و تێگەیشتن و چاوکراوەیی ئەو، نەك هەر بۆ خەڵکەکەی خۆی بەڵکوو لە بەرانبەر ڕۆژئاواش‌دا بە گشتی، ئەوی کردبووە کەسێکی تاقانە. ئەو بە هیچ شێوەیەك لایەنی تیرۆریزمی نەدەگرت و خۆیشی هیچکات دەستی بۆ تیرۆرو ڕفاندن و بارمەگرتن و بۆمب دانانەوە لە شارەکانی ئێراندا نەبرد لە حاڵێك‌دا ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان سەرنج و گرینگی‌یەکی ئەوتۆیان بە مەسەلەی کورد نەدەدا، واقیعیەتێك کە ئێستا بە تەواوی لە خۆرهەڵاتی ناڤین‌دا لە گۆڕێ دایە.

ئەو بە جوانی لە کاروباری سیاسیی جیهان و بایەخی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەتڤانان و هەواڵنێرو کەسانی هەڵکەوتەی ئوورووپایی، تێ‌دەگەیشت و هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ئەوی کردبووە کەسێکی واقیع‌بین و پڕاگماتیست کە ڕێبەرە کوردەکانی دیکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نەبوون. ئەو نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی ناڤین‌دا کەسێکی دوارۆژبین و پێشکەوتوو بوو. ئەو لەو کاتدا بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە مارکسیزم - لینینیزم یا توندڕەوی بۆ گەلەکەی ئەو ڕێگەیەکی شیاوو گونجاو نیە.

بەرنامەی سیاسی و دێموکراتیکی ئەو لە خزمەتی ئارمانجی نەتەوەی کورد دابوو. ئەو بە ڕوونی لەوە تێگەیشتبوو کە کوردەکان سنوورەکانی داب و نەریتی عەشیرەتی و کۆنیان ببەزێنن و دەوڵەتێکی مۆدێرن دامەزرێنن. ئەو هاریکاریی هیچکام لە دەسەڵاتە زاڵەکانی بە سەر کوردستاندا نەکرد.

**چ شتێك کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد کە دوکتور قاسملوو تیرۆر بکا؟**

ئەو یەکێك لە ئەندامە هەرە گرینگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئیسلامی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا قسەی وی بۆ کوردەکان و ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان و ڕێبەرانی جیهانی دەرەوە، گرینگ و جێی سەرنج بوون. ئەو نوێنەری دێموکراسی، مۆدێرنیتە و قەبووڵکردنی دژبەرانی ڕێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو سیاسەتڤانێکی بە ئەزموون بووو بە جوانی لە هونەری دیپلۆماسی و دیالۆگ تێ‌دەگەیشت و وەك پردێك وابوو بەرەو جیهانی خۆرئاوا. کوردی ئێران پشتیوانی بوون و پەیڕەوییان لێ‌دەکرد، ئەو هیچکات ئیزنی بە هیچ دەوڵەتێك نەدەدا بە میتۆدی ڕابردوو (کە کەڵکیان لە ڕێبەرانی کورد وەردەگرت) بیکەنە دارە دەستی خۆیان.

ئەوان باش ئەوەیان دەزانی کە ئەو لە دانوستانەکاندا دەست لە مافی ڕەوای کوردەکان بۆ دەستەبەر کردنی خودموختاری هەڵناگرێ. کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بووو ئێرانییەکانیش ئەو شتەیان بە باشی دەزانی.

**چۆن لە بزووتنەوەی کوردی پاش تیرۆری د. قاسملوو دەڕوانن؟**

تیرۆری قاسملوو زەبرێکی گورچووبڕ بوو کە وە پەیکەری کوردەکانی ئێران کەوت. تیرۆری شەرەفکەندییش هەروەتر. بزووتنەوەی کورد لە ئێران بەرەو لاوازی چوو. کورد ڕێبەرێکیان لە دەستدا کە یەکگرتووی کردبوون - بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو لێك‌دابڕانانەی کە لە حیزبدا هاتنە پێش - و پرۆژەیەکی سیاسیشی هەبوو کە هەوڵی دەدا جێ‌بەجێ بکرێ.

**ناوی ئەو کتێبە لە بارەی دوکتور قاسملووەوە نووسیووتە چیە؟**

ژان و پەژارەی مەرگی ڕەحمانی کوردان. خولیای کوردستان

**چ شتێك ئەو کتێبەی پێ نووسیت؟**

هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە کتێبێك لە سەر کورد بنووسم. چونکە بەزمانی سپانیولی زۆر بە دەگمەن لەو بارەیەوە شت نووسراوە. کاتێك دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵای قادری ئازەر کوژران هاتمە سەر ئەوەیکە ئەو کتێبە لە سەر ئەوان بێ و لەگەڵ ئەوەشدا جەنایەتێکیش مەحکووم دەکەم کە بەڕێوەبەرەکانی سزا نەداربوون. هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانم بە نووسین لەسەر ژیانی قاسملوو سەربردەی ژیانی کوردی ئێران و تارادەیەکیش باری کوردی عێراق وێنا بکەم. هەستم دەکرد کە نووسین لە سەر قاسملوو شتێکی گرینگە چونکە ئەو ڕێبەرێکی تاقانە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا. هەروەها بیرم دەکردەوە کە باس کردن لە مەسەلەی کورد بۆ سپانیۆلی زمانەکانیش شتێکی گرنگ بێ. ئەو پیاوێکی هەڵکەوتە بووو نووسین لە سەر وی ئەو دەرفەتەم پێ دەدا چیرۆکێکی دڵبزوێن بنووسم لە ڕێگەی پەنجا وتووێژ لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەویان دەناسی، توانیم ژیانی ئەو ببووژێنمەوە.

جاناتان ڕەندال کە ئەوکات هەواڵنێری واشینگتۆن پۆست بوو، بۆ ئەو کتێبەی کە بەدەستیەوە بوو وتووێژێکی زۆر دوورودرێژی لەگەڵ قاسملوو کردبووو زۆر بە دڵاوایییەوە ئەو وتووێژەی پێ دام. وتووێژێك کە ئەو بوارەی بۆ ڕەخساندم کە زۆربەی ئەو وتووێژو شتە بیستراوانەو مەرجە جیاوازانەی لە کتێبەکەم دان ڕاست بکەمەوە.

**بنەمای کتێبەکە لەسەر چی داڕێژراوە؟**

ئەو کتێبە دابەش کراوە بە سەر ٥ بەش دا.

**بەشی یەکەم**، باسی دوکتۆر قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەرە لە ڕۆژانی ١٢و ١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ دا لە شاری ڤیەن دەکرێ. لە سایەی وتووێژێکەوە کە دۆستێکی سپانیۆلیم لە ڤیەن کرد بووی، ڕووداوو ڕاستییەکان، ڕاست کراونەوە. ئەو نەك هەر ژمارەیەك کوردو دۆستی خۆی دواندوون، بەڵکوو وتووێژی لەگەڵ پۆلیس و سیاسەتڤان و کەسانی دیکەی ئۆتریشیش کردوە.

**بەشی دووهەم**، ناوی شۆڕشی خوداییە. ئەم بەشە بەو شێوەیە دەست پێی دەکا: قاسملوو لە نۆزدەیەمی ئووتی ١٩٧٩دا لەو مەهاباد لە ماڵەکەی خوێ دا، دانیشتوەو چاو لە TV دەکا. تەلەڤزیۆن دەسپێکی کۆبوونەوەیەك نیشان دەدا کە تێیدا پسپۆڕانی شورای قانوونی ئەساسی لە تاران لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوەو خومەینی سزای مەرگ بۆ قاسملوو دەبڕێتەوە. تەواوی باس و خواسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە پێوەندیی بە ڕووخانی شاو ئەو شۆڕشەی کە بووە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن خومەینی‌یەوەو هەروەها بارودۆخی مەهابادی ساڵی ١٩٧٩ و شەڕی سێ مانگەوە هەیە.

**بەشی سێهەم ناوی بێ ئەنوایانی جیهانە.**

پاشەکشەی حیزبی دێموکرات بەرەو کوێستانەکان، هاتنی ڕێکخراوە پزیشکییە فەرەنسییەکان: ئەزموونی من لە کوردستان و داڕشتنەوەی ڕەوشی سیاسی و مەزهەبی لە کوردستان‌دا لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ دوو مەلای سوننی مەزهەبی کورد ئەحمەد دەرویشی و خالید عەزیز.

**بەشی چوارەم، ناوی ڕەحمانی کوردانە.**

ئەو بەشە تەرخانکراوە بۆ ژیانی قاسملوو لە قۆناخی منداڵییەوە هەتا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا دەگەڕێتەوە کوردستان.

**بەشی پێنجەم، لێکۆڵینەوەکانی لە خۆ گرتوە.**

دوای کوژرانی [دوکتۆرقاسملوو]و ئەوەی کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەڵ چەند کەسێك دا کراوە: سوسەن ڕەسووڵ، بن بڵا(کە لە ئەلەجزایر دواندم)، جەلال تاڵەبانی، شەرەفکەندی و هیلێن کرولیچ ڕاپۆرتەکانی پۆلیس و کۆمەڵێك بەڵگەو ئەو کاسێتانەی کە تێیاندا قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی ئێراندا قسە دەکا. هەمووی ئەوانە لە شوێنی جەنایەتەکە وەدەست کەوتن.

ئەو بەشە لیستەیەك لە تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزسیونی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا ١٩٩٢ لەخۆ دەگرێ.

دوایین باس کە لە ژێر ناوی سمکۆ دا نووسراوە، تەنیا بەشێکی بچووکی کتێبەکەی گرتووە. دوکتور قاسملوو جارێك پێی گوتبووم ئەگەر ویستبای ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیاننامەی خۆی بنووسێ، نووسینەکەی خۆی بەو قسەیە دەست پێی کرد کە ئەو ڕۆژەی سمکۆ شەهید کراوە ئەو لە دایك بووە.

ئەوە زۆر ڕاست نیە. قاسملوو هەر لەو ساڵەدا لە دایك بووە بەڵام نەك ئەو ڕۆژەی کە سمکۆ شەهید کراوە. بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وەها کارێك دەسپێکێکی گەلێك گرینگ دەبێ بۆ ژیاننامەکەی. کەوا بوو ئەمن پێم وابوو کە سمکۆ لەگەڵ هاوڕێیانی دەچووە شنۆیەو دەیویست چاوی بە نوێنەرانی شا بکەوێ و لەسەر ئاشتی و هێمنی قسەیان لەگەڵ بکا. کاتێك لە نێو شاری پێ دەڕکێفان دەنێ، دەوروبەری خۆی ڕووناك دەبینێ و لە پەنجەرەکانەوە چاوی بە چەند ژنێك دەکەوێ کە لە هاتوچۆدان.

پێم وابوو کە سمکۆو دوو کوردی دیکە لەگەڵ سێ ئێرانی چاویان پێك دەکەوێ و نازانم چ بە زەینی سمکۆو دوو کوردەکە داهات. کاتێك خوێنی سمکۆ لە ماڵێکی نزیك ئەوێدا ڕژاوە منداڵێك بە ناوی عەبدولڕەحمان لە دایك دەبێ. کتێبەکە بەو شێوەیە کۆتایی دێ.

ئەو کتێبە ڕووداوەکانی ژیانی د. قاسملووو یەکێك لە کارەساتەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێ. بە تایبەتی لیستەیەك لەناوی ئەو کەسانەی کە لە کتێبەکەدا ناوم هێناون.


**ئەم کتێبە دەکرێتە کوردی؟**

بەڵێ ئەو کتێبە دەکرێتە کوردی. ڕەحیم قادری کە لە سپانیاو لە مادرید دەژی و لە کوردییەوە شتی کردوونە سپانیۆلی و بە پێچەوانەش، ئەو ئەم کتێبە وەردەگێڕێ. دوای ئەوە سەبارەت بە چاپکردنەکەی لەگەڵ سەرنووسەرە وێنزوئێلاییەکەی قسان دەکەین.

**چ بیرەوەرییەکی تایبەتتان لە د. قاسملوو هەیە؟**

ڕۆژێکی، وتارێکم نیشان دا کە بەر لە مەرگی یەڵماز گۆنای بەهۆی شێرپەنجە، لە سەریم نوسیبوو، لە وێنزوئێلا چاپ کرا بوو. بۆ [ د. قاسملووم تەرجەمە کردەوە.

لە کۆتایی‌دا گوتی: کارۆل، ئەو ڕۆژەی کە من دەمرم پێم خۆشە کتێبێك لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی و ئێستاش پاش ئەوەندە ساڵە کتێبەکە چاپ کراوە ئەمن پەیمان و بەڵێنی خۆم بردۆتە سەرێ.






کارۆل پروون هووبێر

**کارۆل پروون هووبێر**

**لە کاراکاس، وێنزوئێلا لە ساڵی ١٩٥٦دا لە دایك بووە. لە کاراکاس، لە زانکۆی کاتولیکای ئاندرس بیلۆ خوێندوویەتی. لە بواری موتاڵاو لێکۆڵینەوە لەسەر سپانیاو ئەمریکا پلەی دوکتۆرای لە زانکۆی پاریس وەرگرتوە (پاریس ١٩٨٧).**

**کۆمەڵە وتارێکی لەسەر مەسەلەی کوردان لە گۆڤارەکانی وینزوئیلادا بڵاو کردەوە. ئەو گۆڤارانە بریتی بوون لە: نیوراسیوسیداد، ئەگزیسیۆن، ئەل دیاریۆو ڕۆژنامەکانی ئەل دیارو دوکاراکاس، ئەل گلۆبۆو هەروەها بە زمانی سپانیۆلی لە ڕۆژنامەگەلێکی وەك ئەل پاریس، دیاریۆو ئەل ئیندی پێندێنت.**

**بە ڕێنوێنیی فیلمێکی کوردەکانی تورکیا، لە دەرهێنانی یەڵماز گۆنای کە لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کەن کە چاوی پێی کەوتوە لەگەڵ مەسەلەی کوردان ئاشنا بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ئاژانسی فەرەنسیی گاما، سەردانی کوردستانی کردوە. بۆ ئەوەی کۆمەڵێك بەڵگەی لەسەر خەباتی حدك لە دژی کۆماری ئیسلامی وەدەست بکەوێ.**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە٤٩٠ ٢١ی `ژوئیە ٢٠٠٨
adabstan24@yahoo.com

# دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ شیمبۆرسکا

## شاعیری پۆلۆنیایی وەرگری نۆبڵی ١٩٩٦

دیمانە: سعید کمالی دهقانی — بەشی دووهەمو کۆتایی — وەرگێڕانی : رەسووڵ سووڵتانی



بەو حاڵەشەوە شیمبۆرسکا زۆر پتەوە. کە سەبارەت بە یەکەمین خۆشەویستییەکەی لێی دەپرسم وەڵامێك ناداتەوە. بەڵام کاتێك پێی دەڵێم تۆ لە شێعرێك دا گوتووتە وات پێ باشترە دۆستی مرۆڤەکان بی نەك عاشقیان، دەڵێ: دەزانم کامە شێعر دەڵێی. شێعری "سوپاس - بنووسە". دیارە لەو شێعرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە دۆستایەتی لە عیشق باشترە. ئەمن تەنیا باسم لە جیاوازییەکانی ئەو دوو هەستە کردووە. عیشق دژوارترو پڕ لە چاوەڕوانیترە". پرسیاری ترسو دڵەڕاوکێو نیگەرانی لێ دەکەم دەڵێ: لە ژیانم دا هەوڵم داوە، کە ئەو ترسو نیگەرانییانەی باسیان دەکەی، بکەمە هەوێنی شێعرەکانم. شەڕەکان وەکوو خراپترین رێگەی چارەسەریی گرفتەکانو توندیو تیژیو یرۆرو بێزاری، و هەروەها هەرچی توندتیژیی لێ بکەوێتەوە."

شیمبۆرسکا کە بە دەگمەن پتر لە یەك دوو رستە دەدرکێنێو دەدوێ، کاتێك لێی دەپرسم کە ئایا، پێی وایە کاتی شێعر بەسەر چووەو سەردەمی رۆمانە، کەم وزۆر هەڵ دەچێو بە تاسەیەکی پترەوە جواب دەداتەوەو دەڵێ: شێعر قەت قەت نامرێ. چونکی هەمیشە شتی وا هەیە کە بە زمانی شێعر نەبێ ناگوترێن. هەڵبەت راستە کە شێعر وەك جاری جاران ناخوێندرێتەوەو لایەنگری نیە. رابردوویەك کە شێعر ئیلهامدەری زانستو دیرۆكو حقووقو تەنانەت گەنگەشە فەلسەفییەکان بوو. هەنووکە ئەو شتانە لەلایەن پسپۆڕانو نیوە پسپۆڕانەوە لە کتێبی پەخشاناندا دەنووسرێن.

بەڵام دیسانیش دەڵێمەوە شێعر بە واتای راستەقینەی خۆی هەمیشە زیندووە. لەبەر ئەوەیکە هیچ شتێ ناتوانێ جێگەی پڕ بکاتەوە. بەڵام باستان لە رۆمان کرد. من پێم وایە کارەساتی راستەقینە لەم بیاڤەدا خەریکە دێتە پێشێ. ئەدی بۆچی ئێستا کەس باسی شاکارەکانی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتای سەدەی بیستەم ناکا؟ بۆ کەس وەشوێنان نەکەوت؟ هەر ئەو رۆمانانەی کە گێڕانەوەیەکی پتەوو بەهێزیان هەبووو گەلێك کەسایەتیو کاراکتەر دەخزانە نێو جیهانی ئەفسانەییو ئەدەبیی ئەوانەوە.

ئێستا هەر ساڵەی بە دەیان هەزار رۆمان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەبنەوە، بەڵام زۆر کەم بایەخترو لاوازترن. رۆمانگەلێك کە رووکەشییانەو سادەنو زۆر بە خێراییش فەرامۆش دەکرێنو لە بیر دەچنەوە. هەڵبەت هێندێ جار رۆمانی باشیش هەڵدەکەون بەڵام ئایا تاقە رۆمانێك دەتوانێ لەم دنیای بەربڵاوی کێبرکێی سینەماو زەنجیرە تەلەڤزیۆنییانەدا بکەوێتە هەڤرکێ؟" بەڵام یۆتۆپیای شیمبۆرسکا لە کوێیە؟ ئەو کە سینەمای پێ باشترەو نیگەرانی ئەوەیە کە هیچ شتێك دووجار رووناداو هەر ئەویش کە "پیوازی" لەبەر ئەوە پێ باشە یۆتۆپیاو بەهەشتەکانی سەر زەوی لە سەر لاپەڕەی کاغەزێکە".

سەرچاوەی ئینتەرنێت: سایتی زەمانە

# ژوان


سەری دانابوو لەسەر سینەم و زولفی رەسەنی
پەخش و ئەفشان بوو وەکوو باوەشێك گوڵ یاسەمەنی
هەروەکوو پەلکی گوڵی مەریەمی بەر مانگەشەوێ
مەم و سینەی دەتروسکاوە لە ژێر پیرهەنی
باسکی دانابوو لەسەر شانم و لێوی خامۆش
دڵ هەموو ویستو تەمەننا بوو بە چاو پێدەکەنی
دڵی ئاگر بوو سەراپاو منیش گڕ گرتوو
دەست لە ناو دەست و دەسووتام لە گڕکانی تەنی
شینو بێزەنگ دەبوو چەشنی گوڵی یاسی کەوگ
کە بە ئەسپایی سەری پەنجەی گەیبا بەدەنی
دامە بەر لووزەوی ماچان و مژینی لێوی
پاشی چل ساڵ لەسەر لێومە شەهدی دەهەنی

فەتاح کاویان



# ئەو کچەی شیمیایی باران لە ژیانی کرد

ن: عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور (چیا)



زۆر بزۆز بوو، لە قوتابخانەو لە ماڵی زۆر هیشتیای یاری دەکردو لە ماڵێ لەگەڵ رەفیقانی گەڕەكو لە قوتابخانەش لەگەڵ هاوپۆلەکانی هەر خەریکی هەڵبەز دابەزو یاری کردن بوو، لە دەرسانیش زۆر زیرەك بوو، بنەماڵەو مامۆستاکانیشی زۆریان خۆش دەویست.

تەمەنی گەیشتبووە دوازدە ساڵ، وەك منداڵی گەورەی ماڵەوەیان هاوکاریی دایكو باوکی دەکرد، رۆژێکیان لەگەڵ دوو برای لە خۆی چووکتر چوو بۆ بازار بۆ شتومەك کڕین. براکانی لە پارکی شار بەجێ هێشت تا کاتێك بۆ خۆی دێتەوە ئەوان لەوێ یاری بکەن، ئەو رۆژەی شارەکەی شیمیایی باران کرا خۆی لە نزیك شوێنی یەکێك لە بۆمباکان بوو. هەر بە دوای بۆردومان زوو گەڕایەوە ماڵێ بەڵام بۆنی دووکەڵی بۆردومانی بۆ هاتبوو.

ماوەی زیاتر لە ساڵێك بە دوای ئەو کارەساتەدا رابرد، سێوێ کچە بزۆزەکەی جاران نەمابوو ئاخر زۆر زوو ماندوو دەبوو هەناسەی سوار دەبوو زۆر جار دەیویست یاری بکات لەگەڵ هاوپۆلەکانی نەیدەتوانی دەچوو بۆیە لە گۆشەیەك دادەنیشتو بۆ خۆی دەگریا. نەیدەزانی کە بە هۆی کارەساتی شیمیاییباران کرانی شارەکەی شیمیایی بووە دواتر کە لەگەڵ باوکی سەردانی دوکتۆری کرد زانی. وای لێهات کە هێندێك لە رەفیقانی لە گەڕەكو لە ماڵ دووریان لێ دەکرد وایاندەزانی لێی دەگرنەوە بەڵام ئەوانەی کە بە ئازارەکانی ویان دەزانی دڵنەواییان دەدایەوەو تەنانەت مامۆستاکانی زۆر جار لە ماڵێ سەردانیان دەکردو لە بارودۆخیان دەپرسی. ئەویش زۆر پێیان دڵخۆش دەبوو ...

رۆژ لە دوای رۆژو ساڵ لە دوای ساڵ لەگەڵ چوونە سەری تەمەنی سەلامەتیی بەرەو خراپتر بوون دەچوو تا وای لێ هات نەیدەتوانی بچێتەوە قوتابخانە. ئەو قوتابخانەیەی کە هەموو هیواو ئاواتی بوو، بەراستی خوێندنی پێ خۆش بوو بەڵام بە هۆی هەناسە سوار بوونو کۆخەی زۆر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. زۆربەی جار لەماڵ دا بوو کەمتر دەهاتە دەرەوە. زۆر جار مردنی بە چاوی خۆی دیوەو سەدان جاریش ئاواتی مەرگی دەخواست بۆ ئەوەی کە زوو نەجاتی بێ.

بنەماڵەکەی زۆریان خۆش دەویست، بەراستیش جوانو خوێن شیرین بوو، بەڵام ئەو بە هۆی ئەوە کە بەرکەوتەی چەکی شیمیایی بوو کەس نەدەچوو داوایو تەمەنی لە ٢٧ ساڵ تێپەری کردبوو ببووە قەیرەکچ بە داخەوە لە کولتووری دواکەوتووی کوردەواریش دا بەم کچانەی کە ئاوا تەمەنیان دەچێتە سەرو شوویان نەکردوە دەڵێن قەیرە کچ. ئەو ماوەیە دوای ئەو هەموو ساڵە خوشکەکانی هەموو مێردیان کردبوو براکانیشی ژنیان هەبوو لە ماڵێ جیا ببونەوە بۆیە ئەو لەگەڵ دایكو باوکی دەژیا هەرچەند خوشكو براکانی زۆریان ئاگا لێ بوو زۆر جار بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە ئاخر بەراستی کۆخەو هەناسەبڕکێ تەنگیان پێ هەڵ چنیبوو سەرەنجام رۆژێکیان کە لە حەساری ماڵی خۆیان را دەچۆوە چوورێ لە بەردەرگا وەهەناسە بڕکێ کەوتو تا گەیشتە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

# بۆ مامۆستام بۆ رێبەرم

سیامەند شێخەپوور

وا چەند ساڵێك رۆیشت لە سەر نەمانت
سوێندم بە خاكو بە کوردستانت
قەد وا مەزانە کە تۆ نەماوی
زیاتر لە دڵی کوردان چەسپاوی
باوکی فەقیرو هەتیوو هەژار
بە ریز وەستاون دەتکەن ئینتیزار
ئەپاڕێنەوە لەخواو لە یەزدان
جێگات بەهەشت بێت تۆ لە گۆڕستان
ئەوانەی بە فێڵ تۆیان لەناو برد
جەرگیان لەت لەت بێت وایان لە تۆ کرد
سوێندم بە خاکی پێشەواو نەمران
سوێندم بە خوێنی گشت شەهیدەکان
حەقتان نافەوتێ لە ناو کوردستان
لە ناویان ئەبەن دوژمنو ناحەزان
مارو دووپشك لەت لەتیان دەکات
گۆڕستانەکەش قبووڵیان ناکات
ئینسانی پیسو هیچو خوا نەناس
جێگای دۆزەخەو رووتو بێکراس
تا رۆژی حەشر هەر دەناڵێنێ
دواییش ئەسووتێو لاشەی نامێنێ
ئێوەش شەهیدان لە دونیای فانی
جێتان بەهەشەو خوداش ئەزانێ



# پێویستییه‌كانی گۆڕان‌و سه‌رسه‌ختیی وڵاتانی ناوچه

ره‌حمان پیرۆتی

**پرۆسه‌ی دێموكراتیزه كردنی رۆژهه‌ڵاتی ناوین مه‌ترسییه‌كی زۆری خستۆته سه‌ر**

**ئه‌م وڵاتانه‌ی كه خۆ له‌و پرۆسه‌یه ده‌بوێرن**

یه‌كێ له دیارده به‌رچاوه‌كانی دنیای سه‌رده‌م ره‌وتی به‌رفراوانی گۆڕانكارییه له بواره‌كانی سیاسی، ئابووری، كۆمه‌لایه‌تی‌و كوولتوری‌دا. ئه‌م گۆڕانكارییانه سیاسه‌تی جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێكی پێكهاته‌یی كردوه. هه‌ڵوێست گرتن دژ به توتالیتاریسم چ له شێوازی چه‌پی ئۆرتۆدۆكس‌و چ له شێوازی ئیسلامی سیاسی‌دا كه پشتیوانی نیزامی ئایدۆلۆژیی پاوانخوازانه بوون، ره‌وتێكی نوێ‌و هه‌مه‌لایه‌نی به خۆوه گرتوه. لایه‌نێكی دیكه‌ی ئه‌م گۆڕانكارییانه رووی له گوشارهێنان بۆ وڵاتانێكه كه دژ به پره‌نسیپ‌و یاساكانی زاڵ به‌سه‌ر نیزامی جیهانی دان. هه‌ر بۆیه‌ش ئه‌م وڵاتانه كه‌وتوونه‌ته ژێر گوشاری ره‌هێڵه‌ی رێفۆرم‌و گۆڕانكاری له پێكهاته‌ی خۆیان دا. هه‌ر چه‌ند بواری ئه‌م گورانكارییانه زۆرجار بنه‌ڕه‌تی‌و هه‌مه لایه‌نه نه‌بوون به‌ڵام به گشتی مه‌ترسی‌و رۆڵی خراپكارانه‌ی ئه‌م وڵاتانه‌ی كه‌م كردۆته‌وه.

له رۆژهه‌ڵاتی ناویندا سیاسه‌تی زه‌لهێزه‌كان، به تایبه‌ت ئه‌مریكا، به دوای ده‌یه‌ی ٩٠دا بریتی بووه له هه‌وڵ دان بۆ پێكهێنانی گۆڕانكاری له‌م ناوچه‌یه‌دا له پێناو به‌رژه‌وه‌ندیی ئابووری، سیاسی‌و ستراتێژیی خۆی‌دا. ئه‌گه‌رچی ئه‌م گۆڕان‌و رێفۆرمانه‌ی كه له ژماره‌یه‌ك له وڵاتانی ناوچه‌كه‌دا هه‌ر ئێستا له ئارا دایه، به‌شێك له به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی خه‌ڵكی ئه‌م وڵاتانه له خۆ ده‌گرێ به‌ڵام ئاكامی ئه‌م ره‌وته ده‌توانێ له دێموكراتیزه كردنی رۆژهه‌ڵاتی ناویندا خۆی بنوێنێ. پرۆسه‌ی دێموكراتیزه كردنی رۆژهه‌ڵاتی ناوین مه‌ترسییه‌كی زۆری خستۆته سه‌ر ئه‌م وڵاتانه‌ی كه خۆ له‌و پرۆسه‌یه ده‌بوێرن. به تایبه‌ت ئه‌م وڵاتانه‌ی كه هه‌م پێكهاته‌یه‌كی نادێموكراتیكیان هه‌یه‌و هه‌م ئاژاوه‌یان خستۆته ناوچه‌كه‌وه.

یه‌كێ له‌م حكوومه‌تانه، سوریایه كه به بۆچوونێكی به‌عسیی فاشیانه، وێڕای یارمه‌تیی گرووپه تێرۆریسته‌كان، زۆركات ده‌ست له كاروباری وڵاتانی دراوسێ وه‌رده‌دا. دیاره له نێوخۆی ئه‌م وڵاته وه‌زعی ناله‌بارو دژواری نه‌ته‌وه‌ی كورد ئاشكرایه كه رێژه‌یه‌كی به‌رچاو له خه‌ڵكی سوریا پێك دێنن. پاكتاوكردن‌و له نێوبردنی هه‌رچه‌شنه نیشانه‌و شوێنه‌وارێكی كوردی‌و سیاسه‌تی ره‌گه‌زپه‌ره‌ستانه‌ی عه‌ره‌به به‌عسییه‌كان گرفتێكی ئه‌ساسییه كه بۆته هۆی ئه‌وه‌ی كه كورده زۆرلێكراوه‌كان، له هه‌ر چه‌شنه مافێكی ئینسانی بێبه‌ش بن‌و له وه‌زعێكی ناله‌باردا ژیان به‌رنه سه‌ر. حكوومه‌تی توركیاش هه‌رچه‌نده لافی دیموكراتیك بوون‌و مۆدێرن بوون لێ ده‌دا، به‌ڵام حاشا له بوونی یه‌ك له سێی خه‌ڵكی وڵاته‌كه‌ی ده‌كا كه كوردن‌و خوازیاری مافی ره‌وای خۆیانن، كه لێیان زه‌وت كراوه. كه‌مالیزم وێڕای په‌یڕه‌وكردنی لائیسیته‌و نیزامێكی سێكۆلار، دژ به هه‌رچه‌شنه باوه‌ڕێكی ئینسانی‌و ئازادیخوازانه‌یه‌و داواكارییه‌كانی گه‌لی كورد به ئاگرو ئاسن‌و ئۆپراسیۆنی نیزامی وه‌ڵام ده‌داته‌وه‌و هه‌وڵ ده‌دا به ره‌چاوكردنی سیاسه‌تی شۆڤێنیستی‌و ره‌گه‌زپه‌ره‌ستانه، نكۆڵی له بوونی خه‌ڵكی كوردو داوا



ڕه‌واكانیان بكاو هه‌ر ڕێگاچاره‌یه‌كی ئاشتیخوازانه بۆ چاره‌سه‌ریی كێشه‌ی كورد، بخاته په‌راوێزه‌وه.

یه‌كێكی دیكه له‌م حكوومه‌تانه‌ی كه قه‌یرانێكی گه‌وره‌ی خستۆته ناوچه‌كه‌و جیهان، كۆماری ئیسلامیی ئێرانه، كه ده‌كرێ سیاسه‌ته‌كانی له دوو بواردا تاوتوێ بكرێ:

یه‌كه‌م: له نیزامی نێونه‌ته‌وه‌یی دایه كه كۆماری ئیسلامیی ئێران به ره‌چاوكردنی شێوازێكی ئوسوڵگه‌رایانه، له سیاسه‌تی ده‌ره‌كی به واتای پشتگوێ خستنی نۆرم‌و به‌ها نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان‌و ده‌روه‌ستییه‌كانی بیرۆكه‌ی ناردنه‌ده‌ره‌وه‌ی شۆڕش‌و ئاژاوه‌گێڕی‌و پشتیوانی له گروپ‌و حكوومه‌ته‌كان له چوارچێوه‌ی به‌هێزكردنی ئیدئولۆژیی ئیسلامی سیاسیی شیعه‌دا هه‌وڵی بۆ ده‌دا. ئاشكرایه كه ده‌ستێوه‌ردانه‌كانی ئێران له سیاسه‌تی حكوومه‌ته‌كانی دراوسێ‌و ناوچه وه‌كوو، عێراق، لوبنان، ئه‌فغانستان‌و فه‌له‌ستین تاكو ئاسیای نێوه‌ڕاست زۆر له وڵاتانی‌تر له چوارچێوه‌ی ئه‌م باسه‌دا ڕاڤه ده‌كرێ. مه‌سه‌له‌یه‌كی‌تر، تێكۆشانی كۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سازدانی نیزامێكی میلیتاریزه كراوه له ناوچه‌كه‌و به‌ده‌ستهێنانی چه‌كی كۆمه‌ڵكوژ (ئه‌تۆمی) هه‌رچه‌ند له‌گه‌ڵ نارِه‌زایه‌تی نێوده‌وڵه‌تی ڕووبه‌ڕوو بۆته‌وه‌و سێ بڕیارنامه‌ی ئه‌نجومه‌نی ته‌ناهیی نه‌ته‌وه‌یه‌كگرتووه‌كان لێكه‌وتۆته‌وه، به‌ڵام ڕێژیم هه‌روا درێژه به‌م سیاسه‌ته ده‌دا.

كۆماری ئیسلامی متمانه‌ی خه‌ڵكی له ده‌ست داوه‌و بڕوای وایه به وه‌ده‌ستهێنانی چه‌كی كۆمه‌ڵكوژ ده‌توانێ ته‌مه‌نی ڕێژیمه‌كه‌ی بۆ ماوه‌یه‌كی زۆرتر بیمه بكا. هه‌ر بۆیه ته‌حریمی ڕێژیمی ئێران‌و هه‌وڵ بۆ پووچه‌ڵ كردنی پیلانه‌كانی ڕێژیمی ئێران له ناوچه‌و جیهان به‌شێكه له پرۆژه‌ی وڵاتانی رۆژئاوا.

شوێنه‌واری كاولكه‌ری ئیدئۆلۆژیی نیزامی ئیسلامیی له نێوخۆی وڵات به‌رچاوه ئه‌م ئیدئۆلۆژییه به‌رته‌سكه، وه‌كو ئایدئۆلۆویی فاشیزم، شه‌رعیه‌تی خۆی له نه‌بوونی هه‌رچه‌شنه بیرۆكه‌یه‌كی جیاوازدا ده‌بینێ. له واقیعدا زاڵبوونی مونه‌لوگ له ناو پێكهاته‌كانی ئایینی سیاسی، ئیزن به هه‌بوونی ده‌نگێك‌و بۆچوونێكی ئازادیخوازانه نادا. ئه‌م نیزامه له په‌نا بۆچوونه‌كانی‌تر تووشی قه‌یرانی شه‌رعیه‌ت ده‌بێ. كۆماری ئیسلامی ئێران به هه‌موو هێزو توانایه‌وه كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نیی سه‌ركوت كردوه. به تایبه‌ت به دوای هاتنه سه‌ركاری ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد، نیزامێكی پۆلیسی‌تر سه‌قامگیر بووه كه ئامانجی ئه‌وه‌یه هێزو توانا له موخالیفان‌و ئازادیخوازان ببڕێ بۆیه هه‌ر ده‌نگێكی جیاواز به گرتن‌و ئه‌شكه‌نجه‌و گوشار وه‌ڵام ده‌درێته‌وه. داخرانی چاپه‌مه‌نییه ره‌خنه‌گره‌كان، ده‌ست به‌سه‌ركردنی رۆژنامه‌وان‌و چالاكانی مه‌ده‌نی‌و سیاسی، بایكۆت كردنی NGO كان، ده‌ست داگرتنی هه‌رچی زیاتر به‌سه‌ر سه‌رچاوه داراییه‌كان دا، ده‌ستێوه‌ردان له كاروباری هه‌ڵبژاردن، زیندانی‌و ئێعدام‌و ئه‌شكه‌نجه كردنی خوێندكاران‌و رۆژنامه‌نووسان‌و لاواز كردنی بواره رۆشنبیری‌و زانستی‌و كۆمه‌لایه‌تی-یه‌كان له به‌رامبه‌ر پێكهاته ئایینییه‌كانی حكوومه‌ت وه‌كو حوزه...دا ئاكامه‌كانی ئه‌م بۆچوونه پۆلیسییه‌ن.

هه‌ڵوێستی كۆماری ئیسلامی له به‌رامبه‌ر ئۆپۆزیسیون‌و پارته سیاسییه‌كان، به تایبه‌ت بۆ گه‌لی كورد روون‌و ئاشكرایه. سیاسه‌تی تێرۆر، لاواز كردنی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی، سه‌ركوت كردن‌و له نێوبردنی ئۆپۆزیسیۆن، خۆلادان‌و شه‌رعیه‌ت نه‌دان به هه‌ر داوایه‌كی ئینسانی‌و ئازادیخوازانه، واقعی سیاسه‌تی كۆماری ئیسلامیی ئێرانه.

به باسكردن‌و راڤه كردنی ئه‌م وڵاتانه كه به‌شێكی زۆری كوردیانبه‌سه‌ردا دابه‌ش كراوه به‌و راستیه ده‌گه‌ین كه وڵاتانی قه‌یران خولقێن حازر نه‌بوونه‌و نین رێفۆرم‌و چاكسازی له خۆیاندا پێك بێنن. ئه‌گه‌ر گوشاری زلهێزه‌كان بۆ دێموكراتیزه كردنی رۆژهه‌ڵاتی ناوین، باس له چاره‌سه‌ریی كێشه‌ی گه‌لی كورد نه‌كاو كورد وه‌كو به‌شێكی گرنگ جێگای شیاوو ره‌وای خۆیان پێ نه‌درێ ئه‌م پرۆسه‌یه له نێوخۆی‌دا تووشی هه‌ڵه‌ی سیاسی دێ‌و له ئاكامدا هیچ مانایه‌كی نابێ. جێگای ئاماژه‌یه كه گه‌لی كوردو پارته سیاسییه‌كانی كوردستان ده‌بێ له نێوخۆی ئه‌م گۆڕانكارییه‌دا، قورسایی‌و جێگای شیاوی خۆیان بدۆزنه‌وه‌و به ره‌چاوكردنی دیپلۆماسییه‌كی چالاك هه‌ستیارانه، كێشه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ناوین‌و كێشه‌ی كورد به‌یه‌كه‌وه گرێ بده‌ن بۆ ئه‌وه‌ی له ستراتیژیی ئه‌مریكاو رۆژئاوادا وه‌كوو ئه‌كته‌رێكی هه‌ستیارو ئه‌كتیو حیسابیان بۆ بكرێ.

---

# كه‌ڵكی سیاسیی لێ وه‌رمه‌گرن

سامان ره‌سولپوور

به‌شی دووهه‌م‌و كۆتایی

وه‌رگێران له فارسی یه‌وه: عه‌لی بداغی

كاتژمێر ٢٠/٤ی رۆژی یه‌ك شه‌ممه ٧ی پووشپه‌ری سالی ١٣٦٦ ی هه‌تاوی شه‌ش فرۆكه‌ی شه‌ركه‌ری عێراق به‌گازه‌كانی" خردل"، سیانوور دژه ئه‌عساب بوردومانی شاری سنووریی سه‌رده‌شت‌و گونده‌كانی ده‌وروبه‌ری ئه‌و شاره‌یان له پارێزگای ئازه‌ربایجانی رۆژئاوا كرد. دوابه‌دوای ئه‌و بوردومانه‌و ته‌نیا له ماوه‌ی ٨ كاتژمێردا سه‌دان كه‌س گیانیان له ده‌ست داو هه‌شت هه‌زار كه‌سیش بریندار بوون.

دوا ده‌رئه‌نجامه‌كانی ئه‌م رووداوه دوای تێپه‌ڕینی ٢١ ساڵ هه‌روا دیار و به‌رچاون. سه‌باره‌ت به‌و رووداوه‌و هه‌روه‌ها باس كردن له كێشه‌و گرفته‌كانی بریندارانی شیمیایی شاری سه‌رده‌شت‌و وتووێژ ێكمان له‌گه‌ڵ كاك عوسمان موزه‌ییه‌ن، مافناس‌و سكرتێری حوقووقیی ئه‌نجومه‌نی پشتگیری له بریندارانی شیمیایی سه‌رده‌شت پێك هێناوه. به‌رێزیان وێڕای ره‌خنه‌گرتن له پێڕانه‌گه‌یشتنی بریندارنی ئه‌م رووداوه له لایه‌ن لایه‌نه به‌رپرسیاره‌كانه‌وه گله‌یی ئه‌وه‌ده‌كا كه ته‌نانه‌ت كه‌ڵكی خه‌راپیش له‌و مه‌سه‌له‌یه وه‌رگیراوه‌و ده‌ڵێ: ئه‌وه‌ی كه‌سێك بۆ ئیدانه كردنی ئه‌و رووداوه راگه‌یاندراو ده‌ركاو پاش ساڵێك حازر نه‌بێ وه‌ڵامی سلاوی بریندارنی ئه‌و رووداوه بداته‌وه چ پاساوو روونكردنه‌وه‌یه‌ك هه‌ڵ ناگرێ، ئه‌وه‌ش ده‌قی وتووێژه‌كه‌یه:

**له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌و كاره‌ی سه‌دام "جینایه‌ت دژی مرۆڤایه‌تی‌یه" به‌ڵام بۆ به‌رپرسانی كۆماری ئیسلامی هه‌وڵێكی ئه‌وتۆ بۆ به فه‌رمی ناسینی ئه‌و رووداوه وه‌ك "جینایه‌ت دژی مرۆڤایه‌تی" له ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی‌دا ناده‌ن؟ ته‌نانه‌ت له كاتی دادگایی كردنی سه‌دامیش‌دا هیچ پێداگری‌یه‌ك له سه‌ر زه‌قكرنه‌وه‌و خستنه به‌ر چاوی بۆمبارنی شیمیایی سه‌رده‌شت نه‌كرا. ئێوه چ هۆكارێك بۆ ئه‌و كه‌مته‌رخه‌می‌یه شك ده‌به‌ن؟**

له‌كاتی رووداوه‌كه هه‌وڵێكی ئه‌وتۆ بۆ ده‌نگدانه‌وه‌ی كاره‌ساته‌كه نه‌درا، هۆكاره‌كه‌شی زۆر بوو. وه‌ك پشتگوێ خستنی ناوچه‌كانی باكووری رۆژئاوای وڵات، به‌رگیری له دابه‌زینی وره‌ی هێزه نیزامی‌یه‌كان‌و كه‌سوكاریان، نه‌بوونی زانیاری له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ كاریگه‌ریی درێژخایه‌نی ئه‌و گازانه‌ی له بۆمبارانی سه‌رده‌شت‌دا به كار هاتبوون، نه‌بوونی ئامارێكی وردو روون له بریندارا‌ن‌و كوژراوه‌كانی ئه‌م رووداوه‌و... به‌ڵام دوای هه‌ست پێ‌كردن به پانتایی‌یه‌كانی ئه‌م رووداوه هه‌وڵ بۆ خستنه به‌رچاوی رووداوه‌كه بۆ بیروڕای گشتی‌و گه‌یاندنی كه‌سه‌كه بۆ ناوه‌نده نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان دراو پێم وایه ئه‌و هه‌وڵانه كاریگه‌ریی له سه‌ر دووپات نه‌بوونه‌وه‌ی ئه‌و هێرشانه بووه.

به‌ڵام ئه‌گه‌ر كاره‌ساتی سه‌رده‌شت له لایه‌ن وڵاتانی ناوچه‌و جیهانه‌وه وه‌ك جینایه‌تێك ئیدانه كرابا، بێگومان سه‌دام نه‌یده‌توانی هه‌له‌بجه‌ش قڕ بكا. جینایه‌ت‌و كاره‌ساتی سه‌رده‌شت‌و هه‌له‌بجه نێوه‌رۆكی سه‌دامی بۆ زور وڵاتی ئاشتیخواز ده‌رخست‌و هه‌ر ئه‌وه‌ش به‌رگیریی له چه‌ند پاتبوونه‌وه‌ی ئه‌و جینایه‌تانه له لایه‌ن سه‌دامه‌وه كرد.

قوربانیی بوونی خه‌ڵكانی ئه‌و



دوو شاره، بووه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی بزاڤێكی جیهانی دژی به كار هێنانی گاز شیمیایی‌یه‌كان له كاتی شه‌ڕدا. كرده‌وه‌كانی سه‌دام بۆ به كار هێنانی چه‌كی شیمیایی له شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئێران‌دا وه‌ك جینایه‌تی شه‌ڕ چاوی لێ كراوو ئه‌و له حوكمی دادگایی دژی "فرانس ئانراد"، یه‌كێك له فرۆشیاره‌كانی كه‌ره‌سته‌ی دروستكردنی چه‌كه شیمیایی‌یه‌كان بۆ حكوومه‌تی سه‌دام‌دا وه‌ك به‌ڵگه‌یه‌كی قه‌زایی به‌رچاو ده‌كه‌وێ. نه‌هاتنه گۆڕێی ئه‌و داوایه له دادگای تایبه‌ت به لێپێچینه‌وه‌ی به‌رپرسانی عێراق ده‌رفه‌تێكی مێژوویی‌و قه‌ره‌بوو نه‌كراوه‌ی له‌كیس ئێمه دا. به‌تایبه‌ت له ماوه‌ی ١٢و ١٣ی ئه‌ساسنامه‌ی ئه‌و دادگایه‌دا هێنانه‌گۆڕێی سكالاَ غه‌یره عێراقی‌یه‌كان كه به هۆی جینایه‌ته دژی مرۆیی‌یه‌كان تووشی زیان هاتبوون، له به‌ر چاو گیرابووو كرده‌وه‌ی سه‌دام بۆ هێرشی شیمیایی بۆ سه‌ر شاری سه‌رده‌شت پێشێل كردنی زۆر له كۆنڤانسیۆنه نێونه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كان بوو. سه‌باره‌ت به دادگایی كردنه‌كه‌ی سه‌دام ده‌توانین بڵێین كه به‌ڕێوه‌به‌رانی دادگایی‌یه‌كه پێیان خۆش نه‌بوو تاوانی به كارهێنانی چه‌كی شیمیایی له لایه‌ن سه‌دامه‌وه بخرێته به‌ر باس، چونكه له وه‌ها حاڵه‌تێك‌دا كێشه‌ی ته‌یار كردنی سه‌دام به‌و چه‌كوچۆڵانه‌و ناوی ئه‌و وڵاتانه‌ی یارمه‌تیده‌ری عێراق بوون ده‌هاتنه گۆڕێ‌و سه‌دامیش زۆر نهێنی نه‌گوتراوی دیكه‌ی ئاشكرا ده‌كرد.

دیاره ئه‌وه به مانای ره‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌ركی ده‌وڵه‌ت له هێنانه گۆڕێی ئه‌و سكالاَیه‌و به دواداچوونی مافی ئه‌و خه‌ڵكه نیه‌و ئه‌و شته له جێدا هه‌روا به هێزه.

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

**(بەشی حەڤدەهەم)**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دیموکراسی‌داو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بەڵام ڕووسیای ١٩١٧ کۆمەڵگایەکی پیشەسازی سەرمایەداری نەبوو، بەڵکوو زۆرتر کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دەرەبەگیی بوو. سەرهەڵدان و ئاژاوەی نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ــ١٩٠٥ دەکرێ زۆرتر وەک دژکردارێک لە دژی بێ توانایی ئەو ڕژێمە دەرەبەگی‌یە بۆ خۆ ڕاهێنان لە گەڵ ئەو شتانەی کە ئابووریی پەرەئەستێنەری پیشەسازی و بازرگانی داوای دەکرد سەیر بکرێت. زۆر بە دژواری دەکرا شتێک کە بکرێ ناوی چینی کرێکاری ناوەندی پیشەسازی لێ بنێی ببینیەوە، و بە پێی پێوانەی مارکسیستی، ڕووسیای ١٩١٧ بە هیچ شێوەیەک ئامادەی شۆرشێکی سۆسیالیستی نەبوو.

شۆرشی ئۆکتۆبر لۆژێکی نەخشەی ئابووری مارکسیستی پەیرەو نەکرد، ئەو جۆرێک کردەوەی سیاسی بوو، کە مارکس بۆخۆی کەم تا کورتێک ئەوی وەک مێتۆدی کارتێخەری لە سەر ڕەوتی مێژوو دەر هاویشتبوو. شۆرشەکە ویستی شۆرشگێرانی بۆ خێراتر کردنی گەشە کردنێک کە بە بڕوای ئەوان لە بواری مێژوویی‌یەوە دیاری کرابوو، لە ڕێگای بازدان بە سەر چەند قۆناغدا دەربڕی. بۆ گونجاندنی ئەو هەوڵە بۆخێراتر کردنی ئاڵوگۆڕەکان لە گەڵ تیۆری‌یەکانی مارکسیستی، بۆلشێڤیکەکان تیۆری "پێشەنگ" یا ئاڤانگاردیان داهێنا ئەگەر بمان هەوێ وشەی فەڕانسەیی بۆ ئەو دیاردەیە بەکار بهێنین.

**تیۆری تاقمی پێشەنگ**

(avant – garde)

بە پێی تیۆری ئاڤانگارد ئەوە پێشەنگ، تاقمێکی پێشڕەوی ڕۆشنبیرە کە لە ئامانجەکان و ڕەوتی مێژوو لە گروپەکانی‌تر باشتر تێگەیشتووە و کە دەتوانی بە ناوی خەڵک پێشخەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان بێت کە سەرەڕای ئەوەش ئامانجی کۆتایی گەشە کردنی مێژوویە.

تیۆری‌یەکە لە سەر فەلسەفەی ناچاریی (determinism) مارکسیستی دامەزراوە, واتە ئەو ڕوانگەیە کە گەشە کردن بە پێی یاساکانەوە بەڕێوە دەچن، و هەر بۆیە هیچ شوێنێک بۆ گفتوگۆ نەماوەتەوە. بە گوێرەی ئەو دوو بیرۆکانە، گەشە کردن بە پێی قەزاوقەدەر و توانایی تاقمی پێشڕەو بۆ خێرا کردنی پرۆسەکە، شۆرشی کرێکاری توانرا لە کاتێکی زووتر و بەدەست کەمایەتی‌یەکی بچووکەوە بەڕێوە بچێت. بە گوێرەی ئەمە، گشت دەسەڵاتی سیاسی دەبوو بۆ حیزبی کۆمۆنیست واتە "پێشەنگ" تەرخان بکرێت کە توانی چۆن ڕەوتی پێشکەوتن بە شێوەیەکی دروست لێکداتەوە. حیزبەکانی‌تر ڕێگەیان پێ نە دەدرا و لە ڕاستیشدا پێویست نەبوون بە پێی ئەو ڕوانگە جەبری‌یەی مێژوو: ئەوان ڕەوتی گەشەکردن تەنیا بە لاڕێدا دەبەن.

ئەندامەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت قەت کراوە نەبوو. حیزب لە گشت ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت، حیزبێکی هەڵبژێرەر بوو؛ ئەو کەسانەی کە پێیان خۆش بوو ببن بە ئەندام دەبوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نیشان بدەن کە ئەوان شایانی ئەوەن کە بە تەواوی ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەکە. پێوەر بۆ ئەوەی کە مەبەست لە کاندیدای "شایستە" چیە لە لایەن ئەو کەسانە دیاری دەکرا کە خۆیان پێشدا دەسەڵاتی حیزبیان بە دەستەوە بوو. ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لە حیزب هەبوو نە ڕێگای دروست کردنی حیزبی تریان بۆ کارتێکردنە سەر سیاسەت پێ دەدرا و نە مافی ئەوەشیان هەبوو کە ببن بە ئەندامی تەنیا حیزبی چالاک، بۆ ئەوەی کە تێبکۆشن کە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتدا پێک بهێنن. ڕێژەی ئەندامانی حیزب بە دژواری لە دە لە سەر سەدی دانیشتووانی یەکیەتی سۆڤیەت تێپەڕ دەبوو و ئەو سنوور دیاری کردنە شتێکی بە ئانقەست بوو لە لایەن حیزبەوە: مەبەست ئەوە بوو کە حیزب، حیزبێک بێت نەک بۆ جەماوەری خەڵک بەڵکوو بۆ تاقمی پێشڕەوی ڕووناکبیری بە مارکسیزم ڕاهێنراو.

تیۆری ئاوانگارد لە بواری لۆژیکەوە لە گەڵ ڕوانگەی مێژوو وەک شتێکی کە لە پێشدا دیاری کراوە دەگونجێ: بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە کە کۆتایی مێژوو دەبێ بە ناچار بە شێوەیەکی دیاری کراو بێت، ئەوە نامومکین نەبوو کە بگەنە ئەو ئاکامە کە مرۆڤ دەتوانێ بۆ گەیشتنی کەمێک خێراتر بە ئامانجی کۆتایی بە سەر ژمارەیەک قۆناغی ناوەندیدا باز بدات. هەڵبەت هەڵەکە لەوە دایە کە گەشەکردنی مێژوو شتێک نیە کە لە پێشدا دیاری کرا بێت بەڵکوو چالاکی خەڵک هەم وەک تاک و هەم وەک تاقم کارێگەری لە سەر هەیە. و ئەو کەسانەی، کە وەک مارکسیست ـ لێنینیستەکان، تەنیا ڕێگا بە شێوەیەکی دیاری کراو لە دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، کە لە لایەن کەمایەتی‌یەکی دەسەڵاتدارەوە دامەزراوە و هاوڵاتییان ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، بە ناچار تووشی بەریەککەوتن لە گەڵ پرینسیپە دێموکراتیکەکانی ئازادیی و یەکسانی دەبن.

جێگای سەر سوڕمانە کە شێوەی تیۆری تاقمی پێشڕەو و تیۆری فەلسەفەی ناچاری مێژوویی لە ناو هەندێک ڕەوتی سیاسی دەستەڕاستییش بەدی دەکرێت. لە ناو ڕاستیشدا مرۆڤ دەتوانێ ئەو چەشنە فکرەی تاقمی پێشڕەو بە دەربڕینی ئەو ڕوانگەیە ببینێت کە دەڵێ دەسەلات و فەرمانڕەوایی دەبێ بۆ ئەو کەسانەی کە زانایی و لێوەشاوەیی تایبەتی‌یان هەیە پارێزراو بێت. کاتێک کە باڵی ڕاست لە دژی مافی دەنگدانی گشتی ڕاوەستا بەو بیانوە بوو کە هاونیشتمانانی نەزان زۆر بە سادەیی دەبنە قوربانی هاندەرانێک کە هەست بە بەرپرسایەتی ناکەن، و ئەوان گەشەکردنێکی هێدی و سەقامگیر کە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییان دایە دەخەنە مەترسی‌یەوە.

لە ناو داروەدەستەکانی نوێ لیبرالیدا زۆر خاڵی سەرەکی فەلسەفەی ناچاریی مێژوویی تێدا بەدی دەکرێت؛ لەناو گفتوگۆکانی نەوەدەکاندا دەکرێ بە ساکاری ژمارەیەک وتە ببینیەوە کە لەوێدا ڕا و بۆچوون، تەنانەت ئەوانەی کە زۆرینەی دەنگدەرانی لە پشت بووبێت، لە بەر ئەوەی کە گوایە لە گەڵ داواکاری‌یەکانی "گەشەکردن" ناگونجێن ڕەت کرانەوە. بە تایبەتی هەندێک سیاسەتوانی ناوچەیی کە لە ژێرکارتێکەری بیری نوێ لیبراڵی بوون، لە مل نەدان بۆ ڕەخنەی تاقمە جیاوازەکانی هاوڵاتییانەوە زۆر باش بوون و ئەیان وت "مرۆڤی سەر شەقام" تێ ناگات کە چ باسە. سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پێی بیروباوەڕی "تەنیا ڕێگا" بەڕێوە دەچوو کە دەقاودەق تەنیا سیاسەتێک بوو کە بە پێی مەرجەکانی گەشە کردن مومکین بوو. ئەوەی گرنگ بوو نەخشەی ئایدیۆلۆژیکی بوو، و ئەو ڕاستی‌یە کە گۆرەپانەکە بە کردەوە شتێکی بە تەواوی جیاواز بوو، شتێک بوو کە سرنجێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا.

کە وابوو ئەوە تەنیا کۆمۆنیستە ئۆرتۆدوکسەکان نین کە دەبێ لە سیستەمی سۆڤیەت وانە وەر بگرن: بیروباوەڕی قەزاوقەدەر، ڕوانگەی گەشەکردنی ناچار کە مێژوو دای ڕشتووە و نەک شتێک کە بە هۆی چالاکیی خەڵک کۆنترۆڵ دەکرێت، لە گەڵ شێوەی ماقووڵی دیتنەوەی ڕێگا چارەی گیروگرفتەکان یەک ناگرێتەوە و هەر لەبەر ئەوەش لە گەڵ دێموکراسییش یەک ناگرێتەوە.

**چینێکی نوێی باڵادەستی ئابووری**




شی کردنەوەی هۆی لادانی ڕەوتی پێشکەوتن لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە خەون و هیواکانی سۆسیالیستی کە بانگەشەی دامەزران لە سەر ئەوانی دەکرد، دەبێ لە تیۆری کۆمەڵایەتی مارکسیست-لێنینیستی‌دا ببینرێتەوە. سیستەمی سۆڤیەت "ئەو سۆسیالیزمەی کە بە کردەوە بوونی هەبوو" هەر وەک لە کۆتایی‌یەکاندا وەها ناوزەد دەکرا، پەیڕەوی لە پێوەری مارکسیستی خاوەندارێتی گشتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەکرد بەڵام پەیڕەوی لە هیچکام لە بایە-خەکانی سۆسیالیستی: ئازادی، یەکسانی، هاوپەیوەندی و دێموکراسی نەدەکرد. ئەو ئازاد نەبوو چونکە جەماوەر مافی بە ئازادی داڕشتن و دەربڕینی بۆچوونەکانیان و لەو ڕووەوە بە ئازادی هەوڵ دان بۆ کار تێکردن لەو کۆمەڵگایەیان نەبوو کە تێیدا دەژیان. ئەو نایەکسان بوو، چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیان خەڵک بە سەر ئەوانە کە خاوەن مافی تایبەتی بوون و ئەوانی کە هیچ مافێکی تایبەتی‌یان نەبوو، بە تاقمی خاوەن دەسەڵاتی دوورە دەست لە ڕووی کۆنترۆڵی جەماوەری‌یەوە و زۆرینەیەک لە دانیشتووان بە بێ دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دابەش کرا بوون. ئەو ناهاوپەیوەند بوو، چونکە ئەو کۆنترۆڵە چڕوپڕەی کە لە لایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە لە سەر هاوڵاتییانەوە بەڕێوە دەچوو ببووە هۆی دروست بوونی بەد گومانی‌یەک کە هاوکاری ڕاستەقینە و مەتمانەی ناموومکین کرد بوو.

هۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی دێموکراسی، ئەو نەبوونی دێموکراسی‌یە کە لە ناو ئایدیۆلۆژی خودی سیستەمەکەدا دروست کرا بوو.

لە گەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سیستەمی سۆڤیەت لە پەیڕەوی کردن لە خەون و هیواکانی سۆسیالیزمدا نا سەرکەوتوو بوو و لە ڕاستیدا لە نەخشەی گەشەکردنی مارکسیستی کە خۆی وەک نیشانەی ڕاستەقینەی ئەو دەدیت دابڕا، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ مێژوو و ڕووخانی ئەو بە پێوەری مارکسیستی شی بکاتەوە. ئەوەی کە شۆرشی ئۆکتۆبر دروستی کرد لە ڕاستیدا شێوەیەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنان بوو، کە لەوێدا فاکتەری ناوەندیی بەرهەمهێنان ـ کە جێگای زەوی و پارەی گرتەوە ـ دەسەڵاتی سیاسی بوو. ڕیبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست ئەریستۆکراسی‌یەک بوو لە کۆمەڵگادا و دام و دەزگای بەرهەمهێنانی بە گشتی کۆنترۆڵ دەکرد. هەر وەک هەموو ئەریستۆکراسی‌یەک لە گشت برگەکانی مێژوودا، ئەوان لە دەسەڵاتی خۆیان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندی‌یەکانیان کەڵکیان وەر دەگرت.

یەکیەتیی سۆڤیەت نموونەیەکی ئاشکرای کۆمەڵگای چینایەتی بوو بە جیاوازی زۆر ئاشکرا لە بواری دەسەڵات، داهات، مافی تایبەت و دەرفەتەکان بۆ گەشە کردنی تاکیی لە نێوان ئەوانەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان کۆنترۆڵ دەکرد و ئەوانەی کە کۆنترۆڵ دەکران.

گەشە کردنی یەکیەتی سۆڤیەت لە بواری پیشەسازی‌یەوە لە سەردەمی کۆمۆنیستیدا دەستی پێکرد و لە دوای شەری دووهەمی جیهانی لە بواری هەندێک تێکنۆلۆژی‌یەوە، بە گشتی لە بواری چەکوچۆڵ و زانستی بۆشایی ئاسمانەوە پێشەنگ بوو. چەند نموونە لە مێژووی ئابووریدا هەن کە نیشان دەدەن چۆن سیستەمە دیکتاتۆرەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر سامانەکانی وڵات بۆ گەشەکردنی تەکنیکی لە هەندێک بواردا وەگەڕ بخەن: لە حەفتاکان کاتێک کە ئابووری تا ڕادەیەک لیبرالیزە کرا، تەنانەت هەندێک ئابووری‌ناس لە ڕۆژئاوا لە سەر ئەو باوەرە بوون کە یەکیەتیی سۆڤیەت خەریکە بگاتە هەمان ئاستی پێشکەوتوویی ئابووری کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەی بوو. تەنانەت لە ئاخر و ئۆخرەکانی هەشتاکاندا سەرمایەگوزاری‌یەکانی ئەمریکا لە بواری تێکنۆلۆژی بۆشایی ئاسمان و چەکوچۆڵ ـ ئەوەی کە بە پرۆگرامی شەڕی ئەستێرەکان ناوبانگی دەرکردبوو ـ هاندەرەکەی ترس لە ئەگەری گەشەکردنی ئابووری و توانایی سەربازیی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو.

بەڵام دیکتاتۆری‌یەکان ناتوانن هاوتای ئابووری‌یەکی گەشە ئەستێنەری هاوچەرخ لە مەڕ دابین کردنی جۆراوجۆریی و فرە لایەنیی بن. لە ئابووریی چڕوپڕ پلان داندراوی یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ دەرفەتێک بۆ خۆ ڕێک خستن لە گەڵ داخوازە هەر دەم لە گۆڕانەکانی کڕیاران نەبوو جا چ بگات بە ئاڵوگۆڕی ڕۆژگار؛ بە هەمان شێوە جێگای زۆر کەم هەبوو بۆ دەست پێشخەری لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە یا خود لە لایەن فەرمانبەرانەوە بۆ دەستەبەر کردنی سیستەمێکی بەرهەمهێنانی کاریگەر و ڕێکوپێک. ناکارامەیی، بە فیرۆدانی سامانەکان و بێ توانایی بەربڵاو بۆ جێبەجێ کردنی داواکاری‌یەکانی کڕیاران، بوو بە هۆی هەرەس هێنانی ئابووریی پلان داندراو. سەیرەکەی ئەوەیە، ئەو هەرەس هێنانە دەکرێ هەروەها بە لۆژیکی مارکسیستی لێک بدرێتەوە. بێگومان حیزبی کۆمۆنیست لە یەکیەتیی سۆڤیەت سیستەمی بەرهەمهێنانی وڵاتی سەر لە نوێ دارشتبۆوە و لە ئاکامدا "هێزەکانی بەرهەم هێنەری رزگار کرد بوو"، بەڵام دەوڵەتی تاک حیزبی توانای بەڕیوەبردنی ئەو هێزانەی بە شێوەیەک کە پێداویستی‌یەکانی جەماوەری کرێکار دابین بکات نەبوو. ناکۆکی‌یە خۆڕسکەکانی ناو سیستەمەکە لە کۆتاییدا ئەوی ڕووخاند.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# دیاردەی لێکدابڕانی پارتەکان‌و خاڵە پۆزەتیڤەکانی

محەممەد عەزیزیان


**هەر ئەم لێکدابڕانانە هێمای سەرەکیی قەبووڵ نەکردنی دەنگی جیاواز لە نێو ئەم پارتانە دایە کە بەتایبەتمەندییەکی سەرەکیی سیستمێکی دیموکراتیك دێتە ئەژمار**

دۆخی ئێستای پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن بەشێك لە سیاسەتوانانەوە بە قەیراناویترین دۆخی ئەم چەند ساڵەی دوایی دەژمێردرێ. لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی‌و سەرهەڵدانی ئەم قەیرانانە زۆر بابەت نووسراوەو زۆر کۆبوونەوەو سمینار گیراوە کە هەر کام لەم باس‌و سمینارانە دەست نیشانی بەشێك لە قەیرانی حیزبەکان کرد. تا ئەو لایەنانەی کە باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕو چارەسەریی قەیران هێناوە بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن‌و بۆ چارەسەریی قەیرانەکانیان هەنگاو هەڵگرن. سەرەکی‌ترین قەیرانی ئێستای پارتەکانی ڕۆژهەڵات لێك دابڕان‌و جیا بوونەوەیە کە بە بڕوای من دەبێ لە دوو ڕەهەندەوە شرۆڤە بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی حاشای لێناکرێ یەکیەتی‌و یەکڕیزیی هێزە کوردییەکان فاکتەرێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتن‌و بەرەوپێش بردنی خەبات بەڵام هەموو شتێك نیە. واتە لێکدابڕان گەلێك باشتر بوو لەم شێوە بەیەکەوە بوونە کەهەمووماندەزانین کاتێك لایەنە لێکدابراوەکانی ئەم پارتانە بەیەکەوە کاریان دەکرد لەگەڵ کۆمەلێك کێشە ڕووبەڕوو بوون کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلین بەندیان بکەین:

- زۆربەی هێزو پتانسیەلی خۆیان بۆ ململانێی ناسالمی نێو حیزبی تەرخان دەکرد، تارادەیەك کە نەیاری سەرەکی لەبیر چووبۆوە یان گرینگیی پێ نەدەدرا.
- پێکهێنانی فەزایەکی ئەمنییەتی‌و دەرکردن‌و پاڵ پێوەنانی ڕوانگە جیاوازە ڕەخنەگرەکان.
- بێ‌پرۆژەیی لایەن‌و باڵەکانی نێو ئەم پارتانە.
- خۆ بە سەنتەر زانین‌و هێژموونی خوازیی ئەم پارتانە بە تایبەت کۆمەڵەو دیموکرات تا ئەو جێگایە کە بێجگە لە خۆیان هیچ پارتێکی تریان قەبووڵ نەبوو.
- نائەکتیڤ بوون‌و بێ‌جووڵەیی واتە نیشتەجێ بوون لە خاکی هەرێمی کوردستان کە مەودایەکی زۆری خستبووە ناو پارتەکان‌و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە جۆرێك کە ئەم حیزبانە ڕاستەوخۆ باندۆرێکی ئەوتۆیان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆ نەبوو.
- بابەتێکی تریش قەیرانی شوناس بوو لە نێوان کوردستانی بوون‌و ئێرانی بوون داو لە هەموویان گرنگتر پرسی دێموکراسی بوو کە هەموو پارتەکان بە ستراتیژیی سەرەکی خۆیانی دەزانن هەرچەندە بە داخەوە تا ئێستاش نەیانتوانیوە لە نێوخۆیاندا دیموکراسی بە دامەزراوە بکەن‌و کولتوورێکی دیموکراتیك چێ بکەن‌و هەر ئەم لێکدابڕانانە هێمای سەرەکیی قەبووڵ نەکردنی دەنگی جیاواز لە نێو ئەم پارتانە دایە کە بەتایبەتمەندییەکی سەرەکیی سیستمێکی دیموکراتیك دێتە ئەژمار.

ئەم خاڵانەمان لە باس‌و لێدوانەکانی زۆربەی بەرپرسانی لایەنە ناکۆکەکانی نێو ئەو پارتانە هەم وەکوو فاکت، هەم وەکوو سیاسی‌و گوتاری پارتەکان یان لانی کەم بەشێك لە پارتەکان. لەم دۆخەدا بەشێك لە پارتەکان بەهەست کردن بە قۆناغێکی هەستیارو خۆڕێکخستن لەگەڵ ئەم قۆناغە داو قەبووڵ کردنی قەیرانی پارتەکان‌و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەری ئەم قەیرانانە فازێکی نوێیان دەست پێ کردوە کە جێگای خۆشحاڵییە. لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە یان ئەم ڕەوتە نوێیە کە دەستی پێ کردوە دەتوانین ئاماژە بە: خەسارناسی پارتەکان‌و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەریی کێشەکان شەفافییەت نەتەوەیی. ئەمانە هەمووی تایبەتمەندیی ئەم ڕەوتە نوێیەن کە دەستی پێ کردووە هیوادارین لە ڕەوتی ئەو پرۆسەیەدا کە دەستی پێ کردوە لە هەوڵی پراکتیزە کردنی ئەم بابەتانەدا بن تا خۆیان لەگەڵ قۆناغی ئێستای خەبات ڕێك بخەن. جێگای ئاماژەیە ڕەخنەگرانی نێو ئەم ڕەوتەو دەرەوەی ئەم ڕەوتەش کارتێکی فشارن بۆ پراکتیزە کردنی ئەم بابەتانە. لە کۆتاییش دا پێم وایە ئەگەر بیر لە داهاتوو بکەینەوەو ئەزموونی باشووری کوردستان لەبەر چاو بگرین بوونی تەنیا دوو هێزی سەرەکی‌و ڕێککەوتنی فیفتی فیفتی نێوانیان گەورەترین کۆسپ دەبێ لە



پاساو لە بەرانبەر یەکتردا گوێمان لێ بووە پێویستی بە باس کردنی زیاتر نیە. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکمان بۆ ئەم پارتانە هەبێ بەم تایبەتمەندییانەوە دەتوانین بێژین لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو تەنانەت لەگەڵ بابەتێکی زۆر هەستیار ڕووبەڕوو دەبین ئەویش هاتنە ژێر پرسیاری چەمکی "خەبات" بەو تایبەتمەندییە کە پارتەکان هەیانبوو.

بەڵام لە دوای لێکدابڕان ڕەوتێکی جیاواز دێتە نێو کایەی "لە نێوان پارتەکان‌و کۆمەڵگاو باس کردنی کێشەکان لەگەڵیان‌و ئاگادار کردنەوەیان" - پەرەپێدانی دیموکراسی نێوخۆیی، بەفەرمی ناسینی مافەکانی تاك‌و گروپ‌و ئازادی ڕادەربڕین - هێنانە ژێر پرسیاری چەمکی حیزبی پێشڕەو جێ کردنی ئاکارێکی سیاسی نوێی هاوتەریب لەگەڵ ڕۆحی سەردەم - خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و کار بۆ بەهێز کردن‌و یارمەتی دانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و لە هەموویان گرینگتر بە هێزکردنی گوتاری بەردەم بە دامەزراوە کردنی دیموکراسی‌و گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی بەڵام بوونی چەند هێزی سەرەکی دەبێتە هۆی دروست بوونی پلۆرالیزم‌و لە پاڵ ئەویشدا ئۆپۆزیسیۆنیکی ڕاستەقینە چێ دەبێ کە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ لە بە پراکتیزەکردنی دیموکراسی‌و گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی.

بۆیە بە بڕوای من دیاردەی لێك دابرانی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ خاڵی نەرێنی کۆمەڵێك خاڵی ئەرێنییشی هەیە کە باندۆرێکی گرنیگیان دەبێ لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان.

پەڕیڤ

# کارکردن بە بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، ڕێزگرتنە لە کەسایەتیی ئەو

کوێستان

بەداخەوە لە کەشی ئێستای حیزبایەتی‌دا دوان لە سەر مەسەلەکان‌و ڕەخنە لێگرتن‌و هەڵسەنگاندنیان کارێکی دژوارە. بە هەر شێوەیەك قسە بکەی لایەنێك لە لایەنەکان بە هۆی دەمارگرژی خراپی لێك دەداتەوە، تەنانەت ئەگەر زۆر بێ‌لایەنانەش بدوێی هەر تاوانبار دەبی.

لە ساڵیادی تیرۆری سیاسەتوانی بەناوبانگی گەلەکەمان دوکتور قاسملوودا، کە بەدەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامی شەهید بوو، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان یەکپارچە بێزاریی لە ڕێژیمی بکوژی دوکتور قاسملووو ئەمەگناسی‌و وەفاداریی خۆیان بۆ ڕێبەرێکی بەتواناو خەباتکاری کوردستان، نیشان دایەوە.

ئەو حەرەکەتە ئیعترازییە جەماوەرییە نیشانی دا کە دوکتور قاسملوو تەنیا هی حیزبێك‌و لایەنێك نیە. چونکە دەرکەوت کە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە یادی ئەو ڕێبەرە ئازادیخوازەیان کردەوەو نیشانیان دا هەموویان لەگەڵ ئەوەی ئامانجی هاوبەشیان هەیە، دوژمنێکی هاوبەشیشیان هەیە، ئەویش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە, بۆیە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا یەکگرتوو بوون.

مانگرتنی گشتیی ٢٢ی پووشپەڕ چەند پەیامێکی گرنگی بۆ هەموو حیزبەکان پێ‌بوو، ئەویش ئەوە بوو کە لەتبوونی حیزبەکان کەمترین کاریگەریی لەسەر یەکگرتوویی ئەوان داناوەو گوێیان بە تەبلیغاتی ژاراویی ئەم حیزب لە دژی ئەو حیزب نەداوەو گوتیشیان دوکتور قاسملوو چووکە مەکەنەوە، ئەو هیی نەتەوەی کوردە. بەشداریی هەموو چین‌و توێژی کۆمەڵ‌و بە هاوبەشیی لایەنگرانی حیزب‌و ڕێکخراوی جۆراوجۆر لەو حەرەکەتە ئیعترازییە کەموێنەیەدا نیشانی دا کە هەموو ئازادیخوازانی کوردستان لە بەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا یەك هەڵوێست‌و وەفادارن بە ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی نەتەوەکەیان.

ئەو حیزبەی دوکتور قاسملووی لە پاوانی خۆی گرتوەو کردوویەتە ئامرازێك بۆ کوتان‌و ناشیرین کردنی ڕوخساری لایەنێك‌و هێندێك کەسایەتیی دیکەی نێو بزووتنەوەی کوردستان، نەك خزمەت بە ڕێبازی دیموکرات‌و ئاشتیخوازی ناکا، بەڵکوو بەم ڕەفتارانەی زیان بە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ. هەرچەند بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستان زۆر لەوە وشیارترن بە تەبلیغاتی بێ‌پایەو بناخە هەڵبخڵەتێن‌و، پشت لە ڕۆڵە خەباتگێڕو ئازادیخوازەکانیان بکەن.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشێ چ شتێك بۆتە هۆی گەورەیی دوکتور قاسملووو مانەوەی لە یادوەری خەڵکدا؟

بێگومان بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوویە کە ئەمڕۆ سەرتاپای کوردستانی تەنیوەتەوە بۆیە بەم شێوەیە یادی دەکەنەوەو نفرەت لە دوژمنان‌و بکوژانی دەکەن. دوکتور قاسملوو خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی‌و بەختەوەریی نەتەوەکەی بوو بۆیە هەر ئازادیخوازیکی کورد بە هیی خۆی دەزانێ‌و مافی خۆیەتی بیرو ئەندیشەکانی ئەو بکاتە چرای ڕووناکیدەری ڕێگای خەبات.

ئەوانەی خۆیان بە وەفادار بە دوکتور قاسملوو دەزانن با فێری بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بن‌و لە تێکۆشان‌و هەڵسووڕان‌و ژیانی سیاسی‌و هەڵوێست گرتنندا، ئیلهامی لێ‌وەربگرن. با تواناکانیان لە ڕێی ئاشتیخوازی، مرۆڤدۆستی، ئەخلاق‌و دیموکرات بووندا بخەنە کارو هێزیان لەو پێناوەدا تەرخان بکەن. نەك بە ناوی لایەنگری لە دوکتور قاسملۆوە ڕق‌و کینەو شەڕفرۆشی‌و خۆبەزلزانی پەرە پێ‌بدەن. چونکە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان خۆبەزلزانی‌و پەرەپێدانی پاوانخوازی، ڕق‌و کینەو شەڕفرۆشی تەحەمول ناکات. ئەوانەی بەم جۆرەن ئەگەر بەخۆیاندا نەچنەوە لە کۆمەڵگای فرەدەنگی‌و جیاوازییەکان دادەبڕێن.

# گوڵی ئۆرکیدە بۆ ژانداركی بێرمە

## چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر کتێبی "رێگای من"، ژیان و هزری "ئاوونگ سان سوچی"

بەشی دوهەم و کۆتایی

پەروین ئیمامی
و: شلێر حەسەن پوور

ئەنجومەنی حکوومەتی بۆ زیندوو کردنەوەی رێکوپێکی و یاسا "بەهۆی دژایەتییەکانی جیهانی سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سەرەڕۆیانەیان لە بەڕێوەبەریی وڵات، لە نوامبری ١٩٩٦ دا خۆی هەڵوەشاندو ئەنجومەنێکی نوێی بە ناوی "ئەنجومەنی ئاشتی و گەشە" بە شێوەی کابینەیەکی نوێ بە ١٩ ئەندام و سەرۆکایەتیی ژێنراڵێک دروست کرد. لە کاتێک دا کە خاتوو ئاوونگ سان سووچی بەهۆی سەرەڕۆییەکانی حاکمانی زاڵ بەسەر بێرمەدا هەروا لە دەستبەسەریدا ژیانی تێپەڕ دەکردو پێشنیارەکانی ئەو حکوومەتەی لەمەڕ چوونە دەرەوەی لە بێرمە قەبووڵ نەدەکرد، لە رۆژی ٢٧ی مارسی ١٩٩٧ دا دوکتور مایکل ئاریس (هاوسەری ئاوونگ سان سووچی) بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە ئینگلستان کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی ٢٠٠١ لە کاتێکدا کە ئاوونگ سان سووچی کە بە پاراستنی سیمای خۆی وەک یەکێك لە دیندارانی پێرو تەریقەتی بوودایی و هەروەها بە لەبەر کردنی جل و بەرگێکی ساکارو نەتەوەیی و هاوکات و بە دائیم بۆ جوان کردنی قژەکانی گوڵێکی ئۆرکیدە لە پشت سەری خۆی دەدا، هەروا لە دەست بەسەری دا لە ماڵەکەی خۆیدا ژیانی تێپەر دەکرد، بڵاوکراوە هەواڵدەرییەکان رایانگەیاند کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند مانگێکە بە نهێنی خەریکی وتووێژو دانوستانن لە نێوان دوولایەنی سەرەکیی "ئاوونگ سان سووچی و بەرپرسانی رێژیم"، هەر بۆیە لە ژانویەی ٢٠٠٢ دا دیدارو چاوپێکەوتنێك لە نێوان ئاوونگ سان سووچی و "تای شوێ" (دەسەڵاتداری سەربازیی بێرمە) بەڕێوە چوو.

ئاوونگ سان سووچی بە پەیرەوی کردن لە تێزو شێوەی خەباتی خۆی کە خەباتی هێمنانە بوو، لە تەواوی وتارەکانی خۆیدا رایگەیاندبوو کە ئەو گشت کات ئامادەی وتووێژەو ئامانجی سەرەکیی وتووێژەکەی خۆی لەگەڵ رێژیم "ئازاد کرانی گیراوانی سیاسی" لە گرتووخانەکان راگەیاند.

داو بەدوای ئەو دیدارە رێژیم دەستی بە ئازاد کردنی گیراوە سیاسییەکان کردو حیزبی "یەکیەتیی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی" ئیجازەی پێدرا کە ٣٥ بنکە لە شاری رانگۆن بکاتەوە. لە شەشی مانگی مەی ئەو ساڵەش دا ئاوونگ سان سووچی لە دەستبەسەریی هاتەدەرو ئەو کێشەو بەربەستانەی کە لە پێش کارو تێکۆشانی سیاسی ئەو داندرا بوون لابردران، بەڵام رێژیم بەردەوام هەڵسوکەوتی ناوبراویان لە ژێر چاوەدێری خستبوو.

ژانویەی ٢٠٠٣ لە مێژووی خەباتی سیاسی خەڵکی بێرمەدا تایبەتمەندییەکی گرنگی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا رێژیمی بێرمە بۆ یەکەمجار رێگای بە دوو چاوەدێری رێکخراوی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ دا کە سەردانی ئەو وڵاتە بکەن. هەرچەند ٢٠٠٦دا جارێکیتر دەستبەسەر کرانی خاتوو "ئاوونگ سان سووچی" یان راگەیاند.

بەپێی هەواڵ و راپۆرتەکانی گەیشتوو لە بێرمەوە، بارودۆخی ئەو وڵاتە لە یەك دوو ساڵی دواییدا ئاڵوگۆڕێکی تایبەتیی بەسەر دا نەهاتووە و پەیوەندی نێوان گەل و رێژیم هەروا لە هەورازو نشێو دایە و ئەوەش لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەربازیی بەرەو پێش دەچێ.

ئاوونگ سان سووچی لەو بارودۆخەش دا بەردەوام رێبەریی خەباتی ئازادیخوازانەو هێمنانەو بەدوور لە توندوتیژی گەلی بێرمەی بە ئەستۆوەیە، ناوبراو وەك یەکێك لە پەیرەوانی ئەو تیۆرییە (خەباتی بەدوور لە توندوتیژی) بەرەو دێموکراتیزە کردنی وڵات هەنگاو دەنێ، لە وتووێژ لەگەڵ "ئالێن کلێمێنتس"(هەواڵنێری ئەمریکایی و کۆکەرەوەی ١٠ وتووێژی چڕو پڕ لەگەڵ خاتوو ئاوونگ سان سووچی لەم کتێبەدا ) دەڵێ:

"شێوەکانی خەبات بە دوور لە توندوتیژی کردەوەی پڕ دەسکەوت و بەسوودن، ئێوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان دەبێ تێبکۆشن، رێکاری خەباتی بە دوور لە توندوتیژی بە مانای ئەوە نیە کە لە گۆشەیەك دابنیشی و دەست لە سەر دەست دابنێی و چاوەڕوانی داهاتوو بی بۆ ئەوەی بزانی کەی رووداوێکی دڵخواز روو دەدا. لە شێوە خەباتی مەدەنی دا چالاکی و هەڵسووڕانی بە دوور لە توندوتیژی یاساخ نیە، شێوەی خەباتی بە دوور لە توندوتیژی بە شێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ بەرەو پێش دەچێ. رەنگە هەر لە بەر ئەم هۆکارەش بێ کە لاوانی بێرمەیی وا هەست دەکەن کە ئەو شێوە خەباتە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە حکوومەت و وڵات دا پێك نەهێناوە".

سەرەڕای بەربەست لەسەر رێگای کارو چالاکی ئاوونگ سان سووچی و هاوکارانی و هەروەها لە دەستبەسەر کرانی ناوبراو لە ماڵەکەی خۆیدا، بەردەوام هەوڵی داوە کە لە ئامرازەکانی تەبلیغاتی بۆ پێوەندی نێوان خۆی و هاووڵاتییانی کەڵك وەربگرێ، لایەنگرانی ئەو خاتوونە سەرەڕای مەترسی گیرانیان لەلایەن حکوومەتەوە، لە کۆڵان و شەقامی نزیك ماڵەکەی ئاوونگ سان سووچی بەبێ چەك بەشەووو رۆژ وە ئەستۆ گرتووە.

رێژیمی سەربازیی بێرمە بە دژی هەڵوێستەکانی ئاوونگ سان سووچی و بۆ پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی ناوبراو، جیا لەوە کە لە ماڵەوەدا دەستبەسەری کردوەو کۆمەڵێك مافی تاکەکەسی لێ پێشێل کردوون، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبی سان سووچی و نواندنی سیمایەکی دێموکرات دەستی داوەتە دروست کردنی رێکخراوو گرووپی کارتۆنی، ئەو گرووپانە سەرەڕای ئەوە کە داکۆکی لە هەڵوێستەکانی حکوومەت دەکەن لە هەمان کاتیش دا لە کاتی کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپێشاندانەکان دا ئاژاوە ساز دەکەن، ئەو گرووپانە ئەو جۆرە کارانەیان وەك ئەرکی سەرەکیی خۆیان "گەندەڵی دارایی" کە یەکێك لە دیاردەکانی دیارو بەرچاوی تەواوی حکوومەتەکانی دیکتاتۆرە، لە بێرمەش دا وەك دیاردەیەکی ئاسایی لە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتیدا دیارە، بە بڕوای نووسەری ئەم کتێبە، رێژیمی بێرمە بە روونی و ئاشکرا بە دوو مەبەست کەڵك لەو گەندەڵییە وەردەگرێت: سەرەتا وەك تاکتیکێکی سیاسی بۆ ئەوەی خەڵك بخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆی و دووهەمیش بە مەبەستی بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی نەتەوەیی و پڕ کردنی حیسابە بانکییەکانی حاکمانی رێژیم.

ئاوونگ سان سووچی لە لێکدانەوەی بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی بۆ خەبات بە دژی گەندەڵی دارایی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە :" لە سیستەمێکی دێموکرات دا دەکرێ بە چاودێری و هاوسەنگی (لێك جیاکردنەوەی هێزەکانی یاسا دانان، بەڕێوەبەریی و داد) بەدژی گەندەڵی لەناو دام و دەزگاو رێکخراوە حکوومییەکان رابوەستێ و پێش بەگەندەڵی بگرێ." بە وتەی ئاوونگ سان سووچی لە وڵاتێك دا کە "گەندەڵی بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و زۆربەی مووچەخۆرەکان بەرتیل وەردەگرن"، رێگاچارە بۆ بنبڕ کردنی ئەم دیاردە دزێوە بەم شێوەیە دەبێ:

"ئەوە شتێکی سرووشتییە کە ناکرێ گەندەڵی بە شەوێك لەنێو بەری. دەبێ مووچەخۆرانی حکوومەت دڵنیا بکەی کە مووچەی تەواویان بۆ دابین دەکرێ. گەندەڵی بیرێکی زاڵ بە سەر زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەت دایە، بیرێك لە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر بارودۆخی سیاسی وڵات. ئەو بیرە دەبێ لەنێو بچێ. چاودێریی دارایی بەردەوام باشترین رێگاچارەیە بۆ پێشگیری لە گەندەڵی دارایی.

نەهێشتنی بیری هەڵە لەناو جەماوەر لەبارەی گەندەڵی دارایی و ماڵی دا تەنیا شتێك نیە کە ئاوونگ سان سووچی جەختی لەسەر دەکات. ئەو بەردەوام لە وتارەکانیدا باس لە پێویستی "شۆڕشی رەوشتی" لەناو خەڵك دا بۆ بردنە پێشی خەباتی دێموکراسیخوازیی خۆی دەکاو لەو بارەیەوە دەڵێ:" شۆڕشێکی راستەقینە دەبێ سەرەتا شۆڕشێکی رووحی و مەعنەوی بێت. ئەو سەرکوتە چڕو پڕەی کە خەڵکی بێرمەی کردۆتە ئامانجی خۆی وای کردووە کە ئێمە بە شێوەیەك کەوتووینە بەر گەمارۆی یاسای ناڕەوا کە بە کردەوە توانای بەرەوپێش بردنی کاریگەریی جووڵانەوەیەکی سیاسییمان نیە، هەر بۆیە تەنیا رێگای ئێمە رێکخستنی بزووتنەوەیەکی مەعنەوی و رووحییە."

ئاوونگ سان سووچی کە لە ساڵی ١٩٨٨دا هاوکات لەگەڵ ٤٤ەمین ساڵی تەمەنی خۆی، هاتە ناو گۆڕەپانی سیاسی رزگاریخوازانە. پێش هاتنە ناو ساحەی سیاسییەوە ناوبراو بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە تاراوگە تێپەڕ کردبوو. ئەوەش بۆتە یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی حکوومەت بۆ رەخنەگرتن و تەبلیغ بەدژی ئاوونگ سان سووچی. ئەزموونی ژیانی دوورو درێژی ناوبراو لە دەرەوەی وڵات بۆتە هۆی ئەوە کە کەسایەتی تاکیی و کۆمەڵایەتی ئاوونگ سان سووچی تووشی ئاڵوگۆڕی کولتووری ببێ. ئەو لەو بارەیەوە دەڵێ:

"من بەهۆی ٢٨ ساڵ ژیان لە وڵاتانی ئازاد فێر بووم کە وا بە ئاسانی لە هیچ حکوومەتێك نەترسم. "ترس" عادەتێکەو حکوومەتە سەرکوتکەرەکان خەڵك فێری ترسان دەکەن. لە وڵاتانی ئازادو دێموکرات پرسیار "بۆچی؟" شتێکی زۆر ئاساییە. لەو جۆرە وڵاتانەدا ئەگەر کەسێك ـ تەنانەت بەرپرسێکی ئەمنییەتی ـ داوا لە تۆ بکا کە کارێکی ناماقووڵ بکەی، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بپرسی "بۆ ئەو کارە بکەم؟" بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا پرسیار کردن دەتوانێ مەترسیدار بێت بۆیە خەڵك بێ ئەم لاو ئەولا بڕیارو دەستوورەکانی رێژیم و کاربەدەستانی بەڕێوە دەبن. بەم شێوەیە ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستە، دیکتاتۆرترو سەرکوتکەرتر دەبن و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەوان زۆرتر چاوترسێن دەبن".

ئاوونگ سان سووچی، کە باوەڕی بە ئایینی بودیسم هەیە، بەشێك لە ژیانی مێرمنداڵی و لاوی خۆی لە هیندوستان تێپەڕ کردوەو بە بڕوای لێکۆڵەرەوان، ژیان لەو وڵاتە بۆتە هۆی ئەوە کە هزری خەباتکارێکی وەك گاندی کاریگەریی هەبووە لەسەر سووچی بۆ هەڵبژاردنی شێوەی خەباتی سیاسی دوور لە توندوتیژی. خۆی باوەڕی وایەو دەڵێت:" من نە سیاسەتوانێکی وەك گاندیم و نە سیاسەتوانێکی بودایيم، هەڵبەت من خۆم بوودایيم و لە هەموو برگەکانی ژیانمدا هەوڵم داوە رێنوێنییەکانی ئایینی بودیسم بەجێ بگەیەنم و لەراستیدا من ستایشی ئەو کەسانە دەکەم کە بزووتنەوەی سەرەتایی سەربەخۆیی بێرمەیان دارشت. هۆی سەرەکی دژایەتیی من لەگەڵ خەبات بەشێوەی توندوتیژی ئەوەیە کە پەنابردن بۆ ئەم شێوە خەباتە، ئەگەر ئێوە خوازیارانی دارشتنی بناغەیەکی بەهێزی دێموکراسی لە وڵاتن، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان بۆ خولقاندنی ئەم نەریتە، پێك هێنانی ئاڵ و گۆڕی سیاسی ئاشتیخوازانە لە رێگای بە هەند گرتنی ئیرادەی خەڵکە، ئیرادەیەك کە تەنیا لە رێگای سندووقەکانی دەنگدان ئاشکرا دەبێت و نە لە رێگای هێزە چەکدارەکان. ئێمە کە خوازیاری ئاڵ و گۆڕ لە سیستەمێك داین کە پێی وایە "ماف بەو کەسەیە کە هێزی هەیە" دەبێ بیسەلمێنین کە" ماف" لە سەرووی زەبرە.

"... خەبات بۆ دێموکراسی، خەباتە بۆ باشتر بوونی ژیانی رۆژانەی ئێمەو خەباتێکی بەردەوام و بێپسانەوەیە. ئەمن باش دەزانم کە رێژیم دەتوانێ هەر جۆرە بەڵایەك کە پێیخۆش بێ بەسەر من بێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ترسێکم لێیان نیە، بەڵکوو هۆی نەترسانی من ئەوەیە کە من هیچ نەفرەتێکم لە رێژیم نیە، ترس و نەفرەت دوو دیاردەن کە پێکەوە بەرەو پێش دەڕۆن."

ئاوونگ سان سووچی لە کتێبێك دا کە بەشێکی بۆ نووسراوەکانی خۆی لە بارەی مەسەلەی کولتووری، هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی بێرمەو بەشەکەی تری بۆ چەند وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێرێکی ئەمریکایی تەرخان کردوە، هەوڵی داوە جارێکیتر روخساری خۆی بە دنیای دەرەوە نیشان بدا، روخساری مەندو دەم بەپێکەنینی ژنێك کە بڕوای بە سەرکەوتنی بێ ئەملاوئەولای ئامانجەکانی گەلی بێرمە هەیەو لە بەرامبەر دەسەڵاتدارەتیی ژنێراڵەکانی چەك بەدەستی بێرمە راوەستاوەو هاوکات کە داوایان لێدەکا کە لەسەرخۆ بن و خۆ لە دووپات کردنەوەی مێژوو بپارێزن، پێی وایە کە ئازادیی بیرکردنەوەو چالاکیی سیاسی، تەناهی مسۆگەر دەکاو دەبێتە هۆی دروست بوونی کۆمەڵگایەکی دێموکرات.

کتێبی "رێگای من" دوو بەرگەو لە ساڵی ١٩٩٥ چاپ و بڵاو بوونەوە. بەرگی یەکەم لە ژێرناوی "نامەکان لە بێرمەوە" لە ٢٥ بابەت پێك هاتووە کە ئاوونگ سان سووچی، کە ژانداركی بێرمەشی پێ دەگوترێ، نووسیونی و لەبارەی کولتوور، هونەر، سیاسەت و ژیانی گەلی بێرمە دایەو لەسەر داخوازیی رۆژنامەنووسێکی ژاپۆنی لە ساڵی ١٩٩٥و پاش ئازادی لە یەکەم دەورەی دەستبەسەر بوونی ناوبراو نووسراون. بەرگی دووهەم بەناوی "دەنگی هیوا" کە ئەو وتووێژانە لەخۆ دەگرێ کە ئالێن کلێمێنتس ئەمریکایی لە هەمان ساڵ دا لە رانگۆن لەگەڵ ئاوونگ سان سووچی پێکی هێناون و پێك هاتووە لە چەند تەوەری جیا جیا وەك روانگەی ناوبراو لە بارەی خەباتی سیاسیی ئاشتیخوازانە، خەباتی چەکدارانەی خوێندکارانی بێرمە، ماددە هۆشبەرەکان، رازونیاز کردنی رامانیی، بوونی سانسۆڕ لە بێرمە، پێگەی سوپای نەتەوەیی و هتد.

بە وتەی وەرگێڕی کتێبی "رێگای من" ئەو کتێبە یەکەمین کتێبە کە بە فارسی بڵاو دەبێتەوەو ئاوونگ سان سووچی بە خوێنەران دەناسێنێت. رێبەرێك کە بەردەوام بیری لە بێبەشانی کۆمەڵگاو گیراوەکانی ناو گرتووخانەکان کردۆتەوەو لە نووسراوەیەکی خۆیدا بۆ رۆژنامەیەکی ژاپۆنی لەو بارەیەوە بەو شێوە دەنووسێ:


"نازانم چەند کەس لەگیراوە سیاسییەکانی بێرمە لە شەوەکانی زستان بەهۆی سەرما خەو لە چاویان دەتۆرێ، نازانم چەند لەوان کە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیان تێپەڕ دەکەن شەوانی زستان لە تاو ژانی ئێسقانیان دەناڵێن، نازانم چەندها کەس لەوان لە شارەکانی ساردی زستان خەون بە خواردنێکی گەرمەوە دەبینن، من هیچ یارمەتییەکم لە دەست نایە، بەڵام لانی کەم دەتوانم بیریان لێبکەمەوە."

**سەرچاوە "چشم انداز ایران، خاکەلێوەو جۆزەردانی ١٣٨٧ی کۆچی هەتاوی**

**تێبینی لەناو نووسراوە ئینگلیسی و سویدییەکاندا ئەو دوو خاڵە بەشێوەی خوارەوە هاتوون بەڵام لەبەر ئەوەی مافی نووسەر بپارێزرێت هەروەك خۆی نووسراوەتەوە.**

***ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەدرێتە ئاوونگ سان سووچی**

***دایکی ئاوونگ سان سووچی تووشی نەخۆشی جەڵتەی مێشك دەبێت.**




**رێکاری خەباتی بە دوور لە توندو تیژی بە مانای ئەوە نیە کە لە گۆشەیەك دابنیشی و دەست لە سەر دەست دابنێی و چاوەڕوانی داهاتوو بی بۆ ئەوەی بزانی کەی رووداوێکی دڵخواز روو دەدا.**

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**


KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: 490 21 Jul 2008

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## ژمارەی نوێی «ژنان» دەرچوو

ژمارە ١٩ی گۆڤاری «ژنان» کە بڵاوکراوەیەکی وەرزییە و یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا چاپ و بڵاو کرایەوە.

ژمارەی نوێی «ژنان» کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە پرسەکانی ژنان، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، زانستی و هەروەها هەواڵ و راپۆرتی کارو چالاکییەکانی یەکیەتی ژنانی لە خۆگرتوە.



## منداڵانی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە: بەندییە سیاسییەکان ئازاد بکەن



ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٩ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی هەتاوی ڕێوڕەسمێکی سەمبولیکی بۆ رزگاریی گیانی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوە برد.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە سەد منداڵی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێك لە بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، منداڵان بە هەڵفڕاندنی کۆتری سپی، وەسەماخستنی کۆلارەو فوودانەی نەخشاو بەوێنەو دروشم داوای رزگاریی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەرز کردەوە.

بەشێك لە بڕگەکانی ئەم ڕێوڕەسمە بریتی بوون لە

- خوێندنەوەی پەیامی بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیەوە
- خوێندنەوەی نامەیەکی فەرزاد کەمانگەر بۆ منداڵانی کوردستان
- خوێندنەوەی نامەیەکی سەر ئاوەڵا لەلایەن منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزب بۆ کەماڵی شەریفی، فەرزاد کەمانگەر، ئەنوەر حوسین پەنامی و هەموو بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- وەحەواخستنی کۆلارەی رەنگاڵەو هەڵفڕاندنی کۆترو وەسەماخستنی فوودانەی نەخشاو.

## ڕێز لە خزمەتە فەرهەنگییەکانی محەمەدی مەلا کەریم گیرا

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٧ی پووشپەڕ لە شاری هەولێری باشووری کوردستان کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ نووسەرو لێکۆڵەرو ڕۆشنبیری کورد، محەممەدی مەلاکەریم لەلایەن حیزبی شیوعیی کوردستانەوە لە بارگای ئەم حیزبە پێك هات.

ئەوکۆڕە سەرەتا بە چەند ساتێك بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدان دەستی پێکردو دواتر وتاری مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان خوێندرایەوە.

دواتر وتاری سەلام عومەر لە ژێر ناوی «تاوێك لەگەڵ مامۆستا محەممەدی مەلاکەریم دا» کە باسی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کردبوو کە محەممەدی مەلا کەریم تێیدا چالاکی نواندوە، پێشکەش کرا.

بە دوای ئەوەدا لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری و



پارێزگاری هەولێر و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکیەتیی نووسەرانی کوردو چەند کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی دیکەوە وتاری ڕێزو پێزانین خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی ناسراوی نەتەوەکەمان وتەیەکی پۆختی لەسەر زەحمەت و لایەنەکانی هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکە دا بەڕێز عەزیز محەممەد میدالیای زێڕی لەلایەن حیزبی شیوعییەوە بە مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم بەخشی و بە شوێن ئەو دا مامۆستا حەسەنزادە دیارییەکی پێشکەش بەم خزمەتکارەی فەرهەنگی کوردی کردو لە کۆتاییدا مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم وتەیەکی کورتی پێشکەش کردو سوپاسی هەموو لایەکی کرد.

## فیستیڤاڵی شانۆی بووکەڵە دەستی پێ کرد

ڕۆژی شەممە ٢٩ی پووشپەڕ لە هۆڵی فەرهەنگی و هونەریی شاری سنە فیستیڤاڵی شانۆی بووکەڵە لە لایەن ئەنجومەنی فکریی منداڵان و مێرمنداڵانی پارێزگاری سنەوە بەرێوەدەچێ، دەستی پێ کرد.



لەم فیستیڤاڵەدا کە دوو ڕۆژ دەخایەنێ ژمارەیەك لە هونەرمەندان و شانۆکارانی پارێزگاریی سنە لەگەڵ ژمارەیەك لە منداڵان و لاوانی شاری سنە بەشدار بوون و ١٦ گرووپی شانۆکار بەرهەمە هونەرییەکانیان نیشان دەدەن.

لە کۆتایی ئەم فیستیڤاڵەدا سێ گرووپی شانۆیی بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی شانۆکارانی ئێران لە پارێزگای لورستان دەست نیشان دەکرێن.

شایانی باسە لە پەراوێزی ئەم فیستیڤاڵەدا چەند بەرنامەی دیکەی وەك پێشانگای نیگارکێشی و چیرۆك خوێندنەوە بۆ منداڵانی بەشداربوو بەرێوەدەچێ.

سەرچاوە: K.TV

بەر لەماڵاوایی

## نامەی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کەماڵ شەریفی، فەرزادی کەمانگەرو ئەنوەر حوسێن پەناهی

مامۆستاگیان! ئەی نوێنەری ئازادیی دیلکراوی گۆشەی گرتووخانەکانی ڕێژیمێکی سەردەمی تاریکی! ئەی ئەو کەسەی مێشکت هەگبەی جوانترین خولیاو خۆزگەی منداڵانەی ئێمەو چیرۆکەکانی قوتابخانەت تابلۆی رەنگینی ژیانی هەژارانەمان!

سڵاوی ئێمەت پێشکەش بێت. پێشکەش بە تۆ کە دێڕ بە دێڕی نامەکانت بۆ ئێمە پڕن لە خەونی ڕووناکیی هەتاوو وشەکانت جریوەی ئەستێرەی شەوگارن.

کە تۆ گیرای، ئەوان پێیان وابوو ئیتر کۆتری هیچ وشەیەك لە چڵووکی پێنووس لە بانیژەی پەخشانەوە هەڵ نافڕێ. ئەوان سەردەمێکی تاریکیان گەرەکە بۆ ئەوەی دڵیان تێیدا وەحەسێ، ئەوان کە بۆسە بۆ تریفەی مانگ دادەنێن و دەیانەوێ تیشکی هەتاو بە دیل بگرن و ترپەی دڵی کانی بدزن. پێیان وابوو کە دەتوانن خەونی کەنارو ماچی بەستێن لە بیر وردە شەپۆلان، بەرنەوە. بەڵام کە تۆ تاوت دایە پێنووس و تاڵە تیرێژی هەتاوت بانگهێشت کردە دیوە پڕ لە کاغەزەکەت، ئەو کاتەی تۆ لە نێو لەپی بەخشندەی وشەدا، تابلۆ تابلۆ ژیانی ئێمەت وێناکردو ڕستەی نامەت کرانە شێعرو ئێمە کردمانە سروود، سێدارەپەرستانی دڵڕەش ئەوەندەی تر لە خۆر ترسان. ئەوەندەی تر دژی شێعرو چیرۆك و پەخشان ڕاوەستان.

مامۆستاگیان !

تۆو هاوبیرەکانت کە لەو دیوی شوورەی گرتووخانەکانیشەوە هەر ناسرەون و نامەکانتان دەکەنە ڕێژنەی باران و لە وشکەساڵیی بزەدا بە سەر کێڵگەی بیرو هزرمانیدا دەبارێنن، فێرتان کردین کە ئیتر نەترسین لە دیواری بەرزی ئەو بەندیخانانەی کە بۆ سنووردارکردنی بیرو کوشتنی باوەڕ ساز کراون، بەڵام ئێوە سەلماندتان کە ئەوان ناتوانن سنوورێك بۆ عیشق دانێن و ناشتوانن هەتاو بخەنە نێو قەفەزی بەردینەوە.

مامۆستاگیان!

لە ئێوە فێر بووین کە قەڵەمی دەستمان تیژو بە بڕشت بێ، فێرتان کردین کە دوژمنان زەندەقیان لە پێنووس چووەو لە تێگەیشتن تۆقیون. فێرتان کردین کە سەنگەری سەوزی زانین قەت چۆڵ نەکەین و هەر لەوێوە هێرش بەرین بۆ سەر دوژمن. چونکە ئەوان هەر لەو سەنگەرە تۆقیون و قەت بەو سەنگەرە ناوەستن. فێرتان کردین کە دیواری گرتووخانە، نەیتوانیوە قەڵای باوەڕتان داگیر بکا بەڵام پێنووسەکەی ئێوە یاخییانە گاڵتە بە سنوورە تەسکەکانی بەندیخانەکان دەکەن و نەترسانە تابلۆی دڵی پڕ لە قینی بەندییەوان و جەلادەکان وێنادەکەن، بوێرانە پێمان دەڵێن: بەندیخانە، ترسنۆکان سازی دەکەن، شوورەو دیواری بۆ هەڵ دەچنن، جەلادی بۆ ڕادەهێنن، بەڵام تەنیا چەکی باوەڕ، چەکی پێنوس، دەیرووخێنێ.

